٣

هەڵبژاردەیەک لە ئایدیا
بڵاوکراوەکانی فەیسبوک

# لە پوچییەوە
# تا بەرەنگاری

وەلید عومەر

# پێشەکی:

ئـەوەی لـەم کۆکراوەیـەدا هاتـووە، هەڵبژاردەیەکـە لـەو ئایدیایانـەی کـە لـە چـوار تـا پێنـج ساڵی ڕابـردوودا لـە فـەزای مەجـازی بڵاوبوونەتـەوە. ئامانـج لـە کۆکردنەوەیـان ڕوونـە: یەکـەم، پاراسـتنیان لـە فەوتـان و بیرچوونـەوە. دووەم، ئاسـانکاری و بەردەسـتبوونیان بـۆ خوێندنـەوە. سـێیەم، چوونـە ژێـر بەرپرسـیاریی زۆرێـك لـەو شـتانەی کـە دەیڵێـین و دەینوسـین(بەتایبەت لـە فـەزای مەجازییـدا کـە پـتر وەك کـەشی بێبـاکی دەردەکەوێـت). ئەکاونت(هەژمـار)ی فەیسـبوك، گەرچـی لەڕواڵەتـدا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرشـیف بگێڕێـت، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی سـەر بـە فەزایـەکی قەرەباڵغـترە ئـەوا ڕۆڵەکـەی کاڵدەبێتـەوە. کۆکردنـەوەی هەندێـك لەوبۆچـوون و سـەرنج و ستاتوسـانە لـە کتێبێـکی ئەلیکترۆنییـدا، ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ خوێندنـەوە.

لـە ئاسـتی شەخسییشـدا، فەیسـبوك بـۆ بنـوسی ئـەم بۆچوونانـە، جۆرێـك بـووە لـە مەشـق و تەمرینـی نوسـین(گەرچی پێشـتر دارشتن-انشـاء-ی قوتابخانـە ڕۆڵـی بـۆ هـەر کەسێك هەبـووە کـە عەشـقێکی بـۆ نوسـین هەبووبێـت). لـەم ماوەیـەدا کـە ئـەم فلاشـە کـورت و کەمتـازۆر درێژانـە نـوسراون، کۆمەڵێـك هەڵبەزودابـەز هەبـووە؛ جـا چ لـەڕووی فۆرمـەوە بووبێـت یـان نـاوەڕۆك. چ زمـان و دارشـتن و توانـای تەعبـیر بێـت، چ پاڵنـەری فیکـری و سیاسـییانە بووبێـت. لـە سـەرەتاکانەوە بیرێـکی کەمتـازۆر ڕەشـبینانە و نیهیلیسـتی هەیـە، پاشـان وەردەگەڕێـت بـۆ جۆرێـك لـە خویَ،دنـەوەی سیسـتەم و بەرەنـگاری. بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم وەرگەڕانـە، گەرچـی

پلەپلـە بـووە، بـەڵام پەیوەندییـەکی دیالەکیتکییـان بەیەکـەوە هەیـە: بەرەنــگاری دەتوانێـت چــارەی ئــەو ڕیشــە نیهیلیســتییانە بێــت کــە هەســتماندەکرد بێچــارەن. وەرچەرخــان لــە بیرکردنـەوەدا لـە قۆناغـەکانی گەنجییـدا، ئەگـەر وەرچەرخانێـکی تەدریجـی و پەیوەسـت بێـت، دەتوانێـت ڕۆڵـی ئیجابیـی هەبێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕابـردوو و ئێسـتاش. بـە مانایـەکی تـر، لـەو زەمەنـەدا کـە ئـەم شـتانەی تیـا نـوسراوە، پرۆسـەی بەسـوبێکتبوون ئەزموونەکەیـن. سـوبێکت بەیـەك جـار نابێتـە سـوبێکت، بەڵکـو بـە گـۆڕان و صەیرووڕەیـەکی مێژوویـیدا دەبێتـە سـوبێکت و کۆتایـی ئـەم پرۆسـەیەش داناخرێـت. سـادەتر: بـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە، تێدەگەیـن بەشـێك بوویـن لـە سـیناریۆی بەسـوبێکتبوون، بەشـێك بوویـن لـە پرۆسـەیەك کـە ملکەچـی هەلومـەرج بـووە و بەرەهایـی ئـیرادەی ئێمـە ئیـشی تیـا نەکـردووە. لـە سـەرەتدا گـەر جۆرێـك لـە جەبـر لــە ئایدیــا و پۆســتەکاندا ببینرێــت، ئــەوا دواتــر وەردەگەڕێــت بــۆ خوێندنــەوەی سیســتەم و تەرحکـردنی بەرەنـگاری. بۆیـە بەشـێوەیەکی» ڕوولەپـاش» و ڕیترۆئەکتیـڤ، تێدەگەیـن هیچـکام لـە ئایدیـاکان زیـادە نەبـووە و دەتوانێـت بەشـێك بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە زەروورەتی بەرەنــگاری.

فیکـر دەبێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکات. بەپێچەوانـەی ئـەو کلێشـە کوردییـەوە کـە دەڵێـت: نابێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکەین. ئـەم (هەمـوو شـتە...) بـەو مانایـە نایـەت بـاسی فیزیـا و بـیرکاری بکرێـت، بەڵکـو بـەو مانایـە دێـت کـە هەمـوو دیاردەکان و شـتەکان قابیلی تێڕامانـن و فیکـر دەتوانێـت لێیـان وردببێتـەوە. ئـەم وردبونەوەیـە، بـە کەرەسـتەی تایبەتیـی فیکـر خـۆی ئەنجامدەدرێـت. فیکریـش لێـرەدا ناوێـکی گشـتییە بـۆ فەلسـەفە و دەروونشـیکاری و تەنانـەت نیشـانەناسی و دەروونـاسی و کۆمەڵنـاسی. ڕەنگـە لـە ئایدیایـەکی کورتـدا، پشـکی هەریەکـە لەوانـەی تێکەوێـت؛ بەبـێ ئـەوەی ناویـان بهێنرێـت و بـواری باسـکردنیان هەبێـت. پاشــان قەبــارەی ستاتوســەکانی فەیســبوك، زیاتــر بــواری وروژانــدنی باسـێك دەدات، یــان مەجالــدەدات دەرەنجامــی کێشــەیەك بخەیتــەڕوو. زۆرجاریــش تەنیــا تەرحێــکی ســەرەتایی و کرچـوکاڵ بێـت و لـە کاتێـکی تـردا ئیـشی لەسـەر بکرێتـەوە. ئـەم ئایدیایا کۆکراوانـە، جـار هەیـە لـە زمانێـکی ئـەدەبی نزیکدەبنـەوە و جاریـش هەیـە کۆنکرێتـی و شـیکاری. لەکـۆی هەمووشـیاندا هەوڵـدراوە جۆرێـك لـە زمـانی نـوێ و داڕشـتنی نـوێ بهێنرێتـە ئـاراوە. لـەوەدا چەنـد سـەرکەوتوو بـووە، درەنگـتر دەردەکەوێـت. هــاوکات بەبــێ ئەخلاقیکردنــەوە و خاکیکردنــەوەش، دەبێــت

بلێـین مەشـقی نوسـین، خاڵـی نیـە لـە هەڵـەی تیـۆری و پارادۆکـس و ناکۆکیـی فیکـری. بـەشی هـەرەزۆری پۆسـتەکانیش کـە کـورت بـوون و پارچەپارچـە بـوون، لـە ناواخنـدا تەعبـیرن لـە پارچەبـوونی دونیـا خـۆی. بـەڵام ئـەم پارچانـە قابیلیـەتی کۆکردنەوەیـان هەیـە و دەکرێـت حەکایەتێـکی گشـتی بـۆ ڕزگاری داتاشـین و پارچـە ناچونیەکـەکان کۆبکەینـەوە. سیسـتەم خـۆی لـە ڕوکنـی جیاجیـاوە سـیمای خـۆی دەردەخـات و جاریـش هەیـە سـیمای خـۆی دەشـارێتەوە. بـەم پێیـە، پێویسـتدەکات هەرجـارە لـە ڕوکنێکـەوە هەوڵـی بینـین و خوێندنـەوەی سیسـتەم بدەیـن.

پێـش ئـەوەی واڵـی فەیسـبوك وەك «ئیمکان»ێـك دەرکەوێـت، بێزارییـەك لەلایـەن نوخبـەوە دەبیـنرا سـەبارەت بـە زۆر نوسـین و زۆربـوونی نوسـین. بۆنمونـە دەوتـرا: شـارخەریکە هەمـووی دەنوسـێت، هەمـووی بـووە بـە نوسـەر. ڕیشـەی ئـەم قەناعەتـە بـۆ کۆمۆنیسـتێك زۆر نادیـار نیـە. چونکـە نوسـین پـتر بـۆ نوخبـە بـووە، بـۆ نوخبەیـەك بـووە بەرەکـەی بچنێتـەوە ببێتـە خـاوەنی سـەروەتێکی ڕەمـزی. بـەڵام لەڕاسـتیدا گرنگـە بەرگـری لـە نوسـین بکەیـن وەك پرسـێکی گەنجانـە و جەمـاوەری. زیندووکردنـەوەی عەشـقی نوسـین بـۆ زۆرینـە، سـڕینەوەی ئـەو تەماعـە شەخسـییانەی نوسـەرە کـە کینـەی دەرهـەق بەوانیـتر هەیـە بنوسـێت. نوسـین شـتێك نیـە بکرێتـە موڵکایەتیـی تایبـەت و ئەوانیـتری لـێ مەحـرووم بکرێـت. بـەڵام ئـەم نوسـینەی ئێمـە مەبەسـتمانە، نوسـینێکە کـە لـە خزمـەتی بەرەنگارییـدا بێـت. لەوپـەڕی قووڵیـی خۆیشـیدا، ئەکتێـکی بەرەنگارانـە بێـت. بەرەنـگار هـەر ئـەوە نیـە ڕاسـتەوخۆ ئیدیعـای لێـدانی سیسـتەم و دەسـەڵات و نەریتـە کۆنـەکان بکەیـت، بەڵکـو مەبەسـتەکە پـتر سـتراتیژی نوسـینە. بـۆ دەنوسـین؟ لـە کـۆدت و دەرەنجـام دەمانەوێـت چـی بـگات؟ ئەمـەش لـە پێناسـەی نوسـەربوونەوە دەسـتپێدەکات و دەبێـت ئـەو پێناسـە نیهیلیسـتییە بـۆ نوسـەر تێکبشـکێنین کـە پێـی وایـە نوسـین دوافیشـەکە دەینێیـت بـە خۆتـەوە و هیـچ ارەیـەکی تـرن نیـە. دەبێـت شـتێکی لـەم جـۆرە بلێـین: نوسـین فیشـەکێکە دەنرێـت بـەو فیگەرانـەوە کـە ئیمـکانی ژیـان بچـوك و بەرتەسـکدەنەوە. کـە تادێـت فۆرمـی تـازەی چەوسـاندنەوە دادەهێنـن. هـەر نیسـبەت بـەم خاڵـەوە گرنگـە ئامـاژە بـۆ شـتێکی تـر بدەیـن: دەنگێـك هەبـوو، ئێسـتاش بەجۆرێـك هەیـە، کـە فەیسـبوك شـوێنێکی جـدی نیـە. لەڕاسـتیدا بـۆ کەسـێك کـە پەیامێـکی هەبێـت و بیەوێـت بـە هـەر نرخێـك بێـت بـگات، ئـەوا فەیسـبوك یەکێکـە لـە ئیمکانـەکان و بگـرە لـە ئیمکانێکیـش

زیاتـره. چیـتر ئـه‌و واقیعـه بێگـه‌رده بـوونی نیـه کـه ڕۆژانێـك واسـه‌یرده‌کرا هه‌یـه. ده‌توانـین فه‌یسـبوك بکه‌ینـه یه‌کێـك لـه ئیمکانـه‌کانی نـاو واقیـع بـۆ ئـه‌وه‌ی بـواری ئیـشی به‌ره‌نگارانـه بره‌خسـێنین.

سـه‌ره‌نجام ماوه‌تـه‌وه بڵێـین کـه هه‌مـوو ئایدیایـه‌ك کـه لـه فه‌یسـبوك بڵاوده‌کرێتـه‌وه، کۆمێنـت و ڕای ئه‌وانیتریـشی له‌گه‌ڵدایـه. ئـه‌م کۆمێنـت و ڕایانـه، بـه مانایـه‌ك لـه ماناـکان، ده‌بنـه به‌شـێك لـه ده‌قه‌کـه و ئایدیاکـه. به‌شـدارده‌بن لـه بۆشـایی و زیاده‌یـی و ئیمکانـه‌کانی نـاو ئایدیاکـه. بـه‌ڵام لـه ئیشـێکی لـه‌م جـۆره‌دا، کۆمێنتـه‌کان لـه ئایدیاکـه جیاده‌بێتـه‌وه و لـه ڕێگه‌یـه‌کی تـره‌وه بـه‌ر خوێنـه‌ر و کۆمێنتـی تـر ده‌که‌وێـت کـه ئـه‌م جاره‌یـان بـواری نوسـینه‌وه‌ی نابێـت. جێـی بیرخسـتنه‌وه‌یه کـه ده‌سـکاریی ڕێنـوس و ڕێزمـانی بابه‌ته‌کانمـان نه‌کـردووه تاکـو دۆخ و بـه‌رواری نوسـینه‌وه‌یان بنوێنێتـه‌وه. لـه ٢٠١٢یشـه‌وه بـۆ ٢٠١٧ بابه‌تـه‌کان ڕیـز کـراون، دیسـان له‌بـه‌ر ئـه‌وه‌ی بـه‌رزی و نزمیـی بیرۆکـه‌کان ده‌رکه‌وێـت. سـه‌ره‌تا چه‌نـد فۆتۆیه‌کـمان خسـته کۆکراوه‌کـه‌وه کـه بـۆ ڕوونبوونـه‌وه‌ی هه‌ندێـك پۆسـت پێویسـت بـوو، بـه‌ڵام له‌بـه‌ر قورسـیی کتێبه‌کـه و قبوڵنه‌کـردنی له‌لایـه‌ن سـێرڤه‌ری سـایته‌که‌وه لامانـبرد و هیواداریـن نوقسـانی و ناڕۆشـنی درووسـتنه‌کات. هه‌روه‌هـا ئه‌مـه به‌رگـی یه‌که‌مـه لـه‌م پـرۆژه مه‌جازییـه‌ی گرووپـی نێگه‌تیـڤ. به‌رگـی دووه‌میـش، کۆکردنـه‌وه‌ی ئایدیـا و سـه‌رنجه‌کانی هـاوڕێ «زه‌رده‌شـت نوره‌دیـن» له‌خۆده‌گرێـت.

# 2014

# سڵاو بابانوئێل، تازە درەنگە، هەمیشە درەنگە..

**هاوار محەمەد، وەلید عومەر**

لـە زەینـی زۆرینـەی خەڵکدا، هاتنـی سـاڵی نـوێ دەخرێتـە بـەردەم پێـوەری «خۆشـی و ناخۆشـی» و پـتر لـەو ڕوانگەیـەوە هەڵدەسـەنگێنرێت. واتـە پێـوەرە بنەڕەتییەکـە، هـەر پێـوەرە جادوویـی و پێشـبینیکارەکەیە. دەتوانیـن بـە دیـدگا لاکانییەکـە لەسـەر پەیوەندیـی ڕابـردوو و ئاینـدە بوەسـتین: ئاینـدە پانتاییەکـی وەك ڕابـردوو نیـە، بەڵکـو پاشـماوە و زیادەیەکـە و لـکاوە بـە ڕابـردووەوە. ناتوانیـن بیگریـن و دەسـتی لـێ بدەیـن، بـەڵام هەرکـە لـە ڕابردووشـمان داشـکاند ئـەوا ڕابـردووش هـەرەس دێنێـت و بوونـی نامێنێـت. بـەم پێیـە، سـاڵی نـوێ هەرگیـز ڕوونـادات، ئـەوەی ڕوودەدات ڕۆیشـتنە بەنـاو ڕابـردوودا بـەرەو ئاینـدە. ئاینـدە لـەو چێـژە زیادەیـە دەچێـت کـە دەبێـت نەیگرین و ئەزمونـی نەکەیـن گەرنـا دەبێتـە ژان و ئـازار. کەواتـە سـاڵی خـۆش و ناخـۆش دوو بەرامبـەری دەقیـق نیـن، دوالیزمێکـی تـەواو نیـن، بەڵکـو سـاڵی خـۆش زیـادە و ڕاگـر و داهاتـووی سـاڵی ناخۆشـە.

بـۆ نموونـە بـا لـەم ئیدیۆمـە ورد بینـەوە: «سـاڵ بـە سـاڵ خۆزگـەم بـە پـار»، ئیدیۆمەکـە برێـك مەکـری تێدایـە، یەکەمجـار وەك چرکـەی نائومێـدی لێـی تێدەگەیـن، بـەڵام خۆیشـی جۆرێـك لـە چاوەڕوانیـی تێدایـە بـەرەو ئاینـدە، کەواتـە تەنیـا دوای تێپەڕینـی سـاڵ مانـای هەیـە، واتـە تەنیـا دوای ئەزمـوون نەکردنـی خۆشـییەکی بەسـەرچوو و نەهاتنـە دیـی چاوەڕانییـەك کـە لەنێـو ئیدیۆمەکـەدا نووسـتووە. بـەم جـۆرە لـە کۆتایـی سـاڵدا خۆشـییەکە فـڕێ دەداتـەوە دوای خـۆی کـە پێشـتر بـە ئایینـدەدا هەڵیواسـیبوو. ئـەوەی چاوەڕێ دەکـرا ئایینـدە هەڵگـری بێـت هـەر پارچەکـی زیـادەی ڕابـردوو خۆیەتـی و لـە ڕابـردوودا نەبینـراوە، لـە هەنـگاوی یەکەمـدا زیادەکـە (خۆشـییەکە) فـڕێ دراوەتـە دەرەوە، خراوەتـە ئایینـدە، زێڕەکـە لـە ئاییندەدایـە، بـەڵام بەنێـو ئایینـدەدا تێدەپەڕیـن و ئینجـا ئـاوڕ دەدەینـەوە، ئـەوەی کـە پێشـتر نەمانبینیبـوو دەیبینیـن «بەختەوەریـی لـەو سـاتەدا حـزوری نییـە کـە ئێمـە حزورمـان هەیـە»، دوای ئێمـە

دەردەكەوێتـەوە، وەك بڵێـی فێڵـی لـێ كردووین، بـەم جـۆرە ئـەوەی لـە یەكـەم هەنـگاودا لـە ساڵی ڕابـردوو تەرێـنراوە و خراوەتـە سـاڵی ئایینـدە دەگەڕێتـەوە جێـی خـۆی. ئـەوەی دەتوانیـن هەسـتی پـێ بكەیـن تەنیـا سـێبەری ئومێدەكەیـە كـە، بـۆ ئــەوەی ئایینــدە نەشـێوێت و هەڵنەوەشـێتەوە، بـەردەوام خـۆی بەنێـو ئایینـدەدا درێـژ دەكاتـەوە و ئێمەیـش بـڕوا بـە خۆمـان دێنــن كــە ســێبەری ئومێــد هــەر ئومێدەكــە خۆیەتــی، لێــرەدا زیادەكــە دەبێتــە جەوهــەر.

سـەبارەت بـە ٢٠١٤یـش، ئـەم سـاڵە لـە سـوبژەكتیڤیتەی كوردیـدا وەك سـاڵی خوێـن و نـەداری سـەیردەكرێت، هاتنـی داعـش و نەهاتنـی بوجـە. جـۆرە دیالەكتیكێـك لـە مەسـەلەی یادەوەریـدا هەیـە: ئـەوەی خـۆش بـووە دواجـار وەك ناخۆشـی دەردەكەوێـت و ئەوەشـی ناخـۆش بـووە ڕەهەندێكـی خـۆش و چێژبەخـش وەردەگرێت(هەڵبەت ئەمە لە ئاستی گێڕانـەوە و بیرهێنانەوەدا). لـەم ئاسـتەدا سـاڵی ڕابـردوو سـاڵێكی پـڕ لـە خۆشـی و ناخۆشـییە، (پـڕ لـە توندوتیـژی، پـڕ لـە ئاوارەیـی، پـڕ لـە برسـێتی و هـەژاری، پـڕ لـە...) ئـەم پڕێتییەیـش تەنیـا دوای تێپەڕیـن درووسـت دەبێــت، ئــەوەی ماوەتــەوە وەك مەودایەكــی خاڵــی ســاڵی ئایندەیــە، كــە وەك هەگبەكــەی «بابـا نوئێـل» پـڕ نییـە تـا بـە بەخشـین خاڵیـی بكاتـەوە، بەڵكـو سـاڵی داهاتـوو «هیـچ لـە هەگبەكەیــدا نییــە، تەنیــا ئومێــدی ســاڵی ڕابــردوو نەبێــت».

بـەڵام كـە سـاتە خۆشـەكان دەبنـە یادەوەری ناخـۆش، ئـەی ئـەوە چییـە كـە وا دەكات یادەوەرییـە ناخۆشــەكانی ســاڵی ڕابردوومــان نەبنــە بیرەوەرییەكــی خــۆش و شــیرین؟ پرســیارەكە سەفســەتە و ســادە دەردەكەوێــت، بــەڵام شــتێكی شــاراوەتری هەڵگرتــووە: گەرەنتــی نەكردنــی ئاینــدە، مسـۆگەرنەبوونی زیـادە خۆشـەكە، ئـەو زبڵـەی كـە ڕۆڵـی زێـڕ دەگێڕێـت

# «پاولۆ کۆیلۆ» بۆ دونیای ئێمە هیچی پێیە؟

کۆیلـۆ یەکێکـە لـە نوسـەرە عـەوام و پۆپۆلارەکانـی ئەمـڕۆی دونیـا. ئـەو برینانـە دەشـارێتەوە کـە دەبێـت وەك «بریـن» بیهێڵینـەوە. ئـەو برینـەی کـە سیسـتەمی سـەرمایەداری و سیسـتەمە لۆکاڵییەکانـی تـری وەك ئێمـە دروسـتی کـردووە، جـۆرە دەرمانێکـی وەك بەرهەمەکانـی کۆیلـۆ دەتوانـن کەمتـازۆر داپۆشـن: بـەڵام برینـەکان دواجـار هەوێنـی ڕزگاریـن و نابێـت بـە هـەدەر بدرێـن. ئەمەیـە دیـدی ڕادیـکاڵ بـۆ «بریـن».
دونیـای ئێمـە سـیخناخە بـە دیـن و عیرفانگەرایـی، سیاسـەت بۆتـە کۆمەڵێـك کلێشـەی ڕۆمانسـی و سـەرەتایی، دەیـان هـەزار خوێنـدکاری خەسـێنراو و بێـکار درووسـت کـراون، ئایکۆنـە فریـودەر و پۆپـۆلارەکان فەیسـبوکیان داگیرکـردووە، بەرهەمـە ئەدەبییـەکان جـۆرە خوێنەرێکـی ناڕادیکاڵیـان خەلـق کـردووە، ژمـارەی کەناڵـە تەلەفزیۆنـی و دراماییـەکان خەریکـە واقیـع قـووت دەدەن؛ بۆیـە ئێمـە پێویسـتمان بـە شـۆك و شـێواندن هەیـە نـەك هاوسـەنگیی سـاختە و داپۆشـینی سـایکۆلۆژی و ئارامکردنـەوەی کاتـی...
کۆیلـۆ و ئۆشـۆ و ئـەم تایپـە، جارێکـی تـر برینەکانـی ئێمـە بـە دەرمانێکـی درۆیینـە سـاڕێژ دەکەن: پێویسـتە بەپێـی تەعبیـرە دیالەکتیکییەکـە «بریـن خـۆی مەرهەمـی خـۆی بێت!».

# دیالەکتیکی عەشق و زەواج:

١. لـە بیـر و بـاوەڕی شـەعبیدا سـەبارەت بـە «زەواج» دەوترێـت: زەواج ئـەو قەڵایەیـە کـە تـا نەچیتـە نـاوی نازانیـت چیـی تیایـە و کـە چوویتـە ناویشـی، دەزانێـت چیـی تیایـە و ئیـدی دێیتـە دەر. دەبێـت تۆزێـك دەسـکاریی ئـەم وتەیـە بکەیـن و وای لـێ بکەیـن: زەواج ئـەو قەڵایەیـە کـە دەزانـن چیـی تیایە و هـەر دەشـیکەن. واتـە زەواج چیـتر پەیوەندییەکـی ئەوتـۆی بـە نەزانیـن و تەمومـژەوە نیـە. ئەمـڕۆ ڕێـگا زۆرن بـۆ ئـەوەی لەبـری ئەوانـی تـر شـتەکان ئەزمـوون بکەیـن. زەواج، جۆرێـك لـە نکۆڵیـی فیتیشیسـتیی تیایـە: خـۆ دەزانیـن شـتەکە بـەو جۆرەیـە و تەمومـژی تیـا نیـە، بـەڵام هـەر دەشـیکەین... ٢٢. «پاسـکاڵ» دەرهـەق بـەو کەسـانەی کـە گومانیـان هەیـە و ناتوانـن بـاوەر بهێنـن، ڕاسـپاردەیەکی نیمچەکۆمیـدی و میکانیکـی پێشـنیار دەکات و دەڵێـت: «بکەونـە سـەر ئەژنـۆ، بەجۆرێـك بجوڵێنـەوە وەك بڵێـی باوەڕتـان هەیـە، ئیـدی ئەوکاتـە بـاوەڕ خـۆی بـۆ خـۆی دێـت». ژیـژەك ئـەم ڕاسـپاردەیە دەرهـەق بـە ئایدۆلۆژیـای زەواجیـش بەکاردەهێنێـت و دەڵێـت: «هاوکێشـە پاسـکاڵییەکەی زەواج ئەمـە نیـە کـە: دەزگیرانەکەتـت خـۆش ناوێـت؟ ئۆکـەی بـڕۆ زەواجـی لەگەڵـدا بکـە، بەشـداریی مەراسـیمی هاوبەشـی ژیـان بکـە، ئیـدی ئـەوکات عەشـق خـۆی بـۆ خـۆی دێـت!، بەڵکـو ئەمـەی تریانـە: کەسـێکت زۆر خـۆش دەوێـت؟ ئۆکـەی بـڕۆ زەواجـی لەگەڵـدا بکـە، پەیوەندییە عاشـقانەکەتان بخـەرە چوارچێـوەی ڕێوڕەسـمێکەوە، بەجۆرێـك کـە پەیوەسـتی و جـۆش و خرۆشـەکەت لەناوبچێـت و، لەجیاتییەکەیـدا کاروبـاری وەرزکـەری ژیانـی ڕۆژانـە جێـی بگرێتەوە-ئەگـەر ناشـتوانیت لەبـەردەم وەسوەسـەی شـەهوەتدا خـۆت ڕابگریـت ئـەوا پەیوەندییەکانـی دەرەوەی زەواج بـە کەڵکـت دێـن...». گـەر ئـەم ڕاسـپاردە پاسـکاڵییە بـۆ دۆخـی کۆمەڵـگای خۆشـمان بەکاربهێنیـن، ئـەوا شـتێکی لـەم جۆرەی لێدەردەچێـت: «دەتەوێـت بـاوەڕ بـە خـۆت بێنیـت کـە عاشـقیت و عەشـق دەنوێنیـت؟ ئۆکـەی بـڕۆ زەواج بکـە و بـەردەوام بـەدوای داواکارییەکانـی هاوسـەرەکەتەوە بـە، ئیـدی عەشـقێکی ئاگریـن خـۆی بـۆ خـۆی دێـت!».

# هەواڵەکان..

ئەمڕۆ «هەواڵـەکان» جـۆرە هۆشـیارییەکی وەسواسـی بەرهـەم دێنێـت. هۆشـیارییەک کـە زیـاد لـە واقیعێکـمان پێدەبەخشـێت. واتـە کێشـەکە ئـەوە نیـە کـە ناتوانیـن لـە واقیـع تێبگەیـن، بەڵکـو ئەوەیـە وەک هـەر «هەڵبژاردنێکـی درۆزنانـەی پۆسـتمۆدێرن» چەنـد واقیعێکـمان هەیـە بـۆ هەڵبـژاردن. هەواڵـەکان، سـام و تـرس و جەوهـەری جەنـگ کاڵ دەکەنـەوە، هەڵبـەت بـەو مانایـە نـا کـە جەنـگ جـوان بکـەن، بەڵکـو بـەو مانایـەی کـە جەنـگ ئاسـایی و عـادی دەکەنەوە. سیسـتەم لـە ڕێگـەی هەواڵەکانـەوە، شـۆک و هەژانـە ڕادیکاڵەکانـی سـوبێکتی سسـت کـردووە.

ئەمڕۆ هەواڵەکانیـش وەک هـەر کاڵایەکـی تـر لەسـەر زەوق و فەنتازیـای بینـەر و بیسـەر ڕێـک دەخرێـن. ئـەو خەیاڵاتـەی کـە لە ڕێگـەی هەواڵەکانـەوە دروسـتی دەکەیـن، پۆلێنـە تەقلیدییەکەی نێـوان «واقیع-خەیـاڵ» تێـک دەدات: هەواڵـەکان کـۆی واقیـع نیـە، گـەر هەواڵـەکان لـە واقیـع دابشـکێنین ئـەوەی دەمێنێتـەوە بریتییـە لـە «سـیناریۆی سـوریالی و خەیاڵاتـی شەخسـی و هتـد». سـوپەرئیگۆی گوێگـر لـە هەواڵەکانـدا بـەم جـۆرە کار دەکات: بـا دیمەنـی ترسـناکتر و کـوژراوی زیاتـر بێت...زیاتر...زیاتـر.

# ڕزگاریی «بێوەژنەكان»

«بێـوەژن» لـە زەینـی كوردیـدا بوونەوەرێكـی بەرزەخییـە لەنێـوان پیـاو و ژنـدا. دیـارە كـە پیـاو نیـە، بـەڵام ژنیـش نیـە. وەهـا سـەیری»بێوەژن» دەكرێـت كـە خەسـێنراوە و شـتێكی لـێ كـەم كراوەتـەوە. ڕزگاربوونـی «بێـوەژن» لـەم خەسـانە، خەسـاندنی وێنـەی پیـاوە نـەك خـۆی و كچێنیـی خـۆی. وەك بڵێـی پیـاو ئەندامێكـی لەشـی ئـەم بوونـەوەرە بووە و ون بـووە. لێـرەوە وێنەی «بێـوەژن» وێنەیەكی بـێ منەتـە، چونكـە سـێبەر و جەبەرووتـی پیـاو كـورت دەبێتـەوە بـۆ ئاسـتی ئەندامێكـی لـەش كـە بـۆ ماوەیەكـی كاتـی هاتـووە و بـزر بـووە. ڕەنگـە زەواج لـە یادەوەریـی «بێوەژن»ــی كوردیـدا جۆرێـك بێـت لـە بەخشـین. بەخشـینێك كـە ئـازاری كۆمەڵایەتـی و ڕزگاریشـی تیایـە. بەخشـینی ئـەو پەردەیـەی كـە دەیەوێـت لـە شـەڕ و موسـیبەتەكەی ڕزگاری ببێـت و هـاوكات سەرێشـە و قەیرانیشـی بـۆ درووسـت بـكات. ڕزگاریـی «بێوەژنـەكان» لەوێدایـە كـە: پێویسـتە پیـاوی كـوردی بـۆ چركەیـەك لـە بیرەوەریـی ئەمانـدا ببنـە ڕزگاركـەر و پاشـان ون بـبن. پیـاوی یەكـەم، وەك ئـەو ڕزگاركـەرە یەكەمـە بێـت كـە خـۆی لـە وەهمەكانـی خـۆی ڕزگار دەكات...

ئـەوە «پـەردەی كچێنی»یـە كـە لە كەلتـوری ئێمەدا، سـیفەتی «بێـوەژن» دەلكێنێت بـە كچەكانەوە. هــاوكات ئــەوە هــەر باوەڕبەخۆبوونــی ژنانــە كــە دەتوانێــت ئــەم جــۆرە ئەفســانە و دەردانــە تێپەڕێنێـت. زیـادەڕەوی نیـە گـەر بڵێیـن كرانـەوەی كەلتـوری تەنیـا لـە باوەڕبەخۆبوونـی ژنـەكان و «بێوەژن»ــەكانەوە دەسـت پێـدەكات. لەگـەڵ هـەر ژنێكـدا، پیاوێكیـش لـە فەنتازیـا و خەیاڵاتـە نەخۆشـەكانی ڕزگاری دەبێـت. واتـە لـەو چركەیـەوە كـە هەسـت بكـەن ئـەوەی لەدەسـتیان چـووە پـەردەی كچێنـی نیـە، بەڵكـو ئۆرگانێكـی ئاسـایی وەك پیـاوە. پیـاو وەك نێرینـە و پـڕی نـا، بەڵكـو وەك ئەگەرێـك لـە ئەگـەرە ئاسـاییەكانی نـاو ژیـان. پیـاو وەك بەركارێـك كـە دێـت خورافەتـی پـەردە هەڵدەوەشـێنێتەوە و دەڕوات و ون دەبێـت. پیـاو وەك ڕزگاركـەری خـۆی...

# «سیلە/صلە»ی ڕەحم

سـیلەی ڕەحـم لەسـەرەتادا لەسـەر «دووبارەبوونـەوە» بەنـدە. واتـە دەبێـت وەکـو مەکینەیـەك خـۆی دووبـارە بکاتـەوە و نەوەسـتێت: بـڕۆ ببینـە، دیسـان ببینـە، بیـرت نەچێـت ببینیـت. ئـەم دووبارەبوونەوەیـەی سـیلەی ڕەحـم لـە دینـدا، ڕەحـم دەکاتـە جۆرێـك لـە «ئایدۆلۆژیـا». سـیلەی ڕەحـم دیوێکـی سیاسـی و ئایدۆلۆژیـی هەیـە: کۆببنـەوە، «کۆبوونـەوە» بکـەن بـا ئەندامەکانـت پـەرش و بـڵاو نەبنـەوە.
کێشـەکە لـە قووڵاییـدا ڕەحـم نیـە، بەڵکـو ڕێکخسـتنەوە و گەیاندنـی «ڕەحم»ـە. سـیلەی ڕەحـم بـۆ کۆمەڵـگای ئێمـە، دابەشـکردنێکی ترسـناکی دەسـەڵاتە لەنێـوان سـوبێکتی کوردیـدا. سـوبێکت بـە هـۆی «ڕەحم»ـەوە دەسـەڵاتێکی شـاراوە دەبەخشـێتە ئەوانـی تـر. خـۆی لـە تۆڕێکـی کۆمەڵایەتیدا دەهێڵێتـەوە کـە هەمیشـە بەهـۆی «گللەیی»ـەوە بەشـێك لـە سـوبژەکتیڤیتە و سـوبێکتبوونی خۆی دەدۆڕێنێـت. «گللەیـی» ناردنـی ئۆتۆریتەیەکـی فێڵبازانەیـە لەڕێگـەی زمـان و دەربڕینـەوە.

# درۆزنەکانی شار..

هەمـوو شـارێکی کـوردی، درۆزنێکـی مەحبـوب و نـاسراوی تیایـە. ئـەم درۆزنانـە، درۆزنێکـی ئاسـایی نیـن وەك هـەر درۆزنێکـی تـر. بەڵکـو وەزیفەیەکـی گەورەتریـان هەلگرتـووە: ئـەوان زۆرجـار لەجیاتیـی ئێمـەش درۆ دەکـەن، سـیناریۆی قەبـە دەهۆننـەوە، فەنتازیامـان تـا ئاسـتی حەقیقـەت دەجوڵێنـن. لـەوەش زیاتـر: ئـەم درۆزنـە ناسراوانـە ڕۆڵـی «سـینەما»ی شـاریان بینیـوە بۆ گوێگرەکانـی. سـینەمایەك کـە بەرەنجامـی ئـەم پەیمانـە شـاراوەیە بـوو: تـۆ درۆ بکـە و ئێمـەش وا خۆمـان پیشـان دەدەیـن کـە درۆ ناکـەی: سـینەمایەکی «ئینحرافـی».

پێدەچێـت وردە وردە ژمـارەی ئـەم درۆزنانـە کـەم ببنـەوە، بۆیـە پرسـیارەکە ئەمەیـە: ئـەو وەزیفـە و ئەرکـەی کـە بـۆ ئێمـەی جێدەهێڵـن چیـن و چەنـدن؟

## لە وەڵامی پرسیارێکی «عەزیز ڕەووف»دا:

**عەزیـز ڕەوف: بەشـێك لـە خەڵكانـی حزبـی و نوسـەر و شرۆڤـەكار، نوسـەران بـەوە تاوانبـار دەكـەن كـە ناچنـە بەرەكانـی شـەڕ دژ بـە داعـش و پێیـان دەڵێـن ئێـوە لەبـەردەم سـپلیت قسـە دەكـەن و فەرمـوو وەرن بـۆ بەرەكانـی شـەڕ. بۆچونـی ئێـوە چیـە بـۆ ئـەم جـۆرە داواكارییـە؟ یـان ئەگـەر داوا لـە بەڕێـزت بكـەن چـی دەڵێـی؟**

**و. ع:** گـەر تۆزێـك دەروونشـیكارانە وەڵام بدەمـەوە، ئـەوا لـەم قسـەڵۆكانەدا جۆرێـك لـە «ئیرەیـی» نوسـتووە. كێشـەكە ئـەوە نیـە كـە كـێ دەچێـت و كـێ ناچێـت، یـان تـا چەنـد پێویسـتە و تـا چەنـد پێویسـت نیـە. كێشـەكە ئەوەیـە گـەر تەنیـا یـەك كەسـیش مابێـت بچێـت بـۆ شـەڕ، ئـەوا ئـەم قسـەڵۆكانە بـەو تاكـە كەسەشـەوە دەلكێنـن. واتـە «مـادام ڕەنگـە مـن بكوژرێـم، ئـەوا دەبێـت تـۆش بكوژرێیـت». هـەر لێرەوەیـە كـە پیـرۆزی و نیشـتمانپەروەری و هەندێـك بەهـای تـر لێـرەدا ونـە و هەندێـك لـەو كەسـانە جگـە لـەم ئیرەییـە شـتێكی ئەوتۆمـان پیشـان نـادەن. گـەر تۆزێـك دیالەكتیكانـە سـەیری ئـەم قسـەڵۆكانە بكەیـن، ئـەوا ئیرەییەكـە ڕوونـتر دەبێتـەوە. بـۆ نمونـە، گـەر هـەر بەڕاسـت ئێـوە نیشـتمانپەروەرن، بۆچـی یەخـەی نوخبەیەكـی بچـوك دەگـرن و داوای چـەك هەڵگرتنیـان لـێ دەكـەن؟ ئایـا ئەمـە گومـان لـەو نیشـتمانپەروەری و فیداكارییـە درووسـت نـاكات؟ هـەر لێرەوەیـە كـە ژیـژەك پێـی وایـە «لاكان» و نیچـە» لـە پێناسـەكردنی عەدالەتـدا زۆر دەقیقن كە عەدالـەت دەبەسـتنەوە بـە «ئیرەیی»ـەوە. عەدالـەت واتـە بـا تـۆش هـەر هێنـدەی منت هەبێت، ئیـدی گـەر ئـەو «هەبوون»ـەش بریتـی بێـت لـە «نەبـوون». بـۆ نمونـە بـا سـەیری نوكتـەی ئـەو جوتیـارە سـادەیە بكەیـن كـە دەچێـت بـۆ لای جادووگەرێـك و پێـی دەڵێـت «قوربان هاتووم شـتێكم بـۆ بكەیـت»، جادووگەرەكـەش بەزۆڵییـەوە دەڵێـت» هەرچـی بـۆ تـۆ بكـەم، ئـەوا دووقـات بـۆ دراوسێكەشـتی دەكـەم». جوتیارەكـەش دەڵێـت «دەی كەواتـە چاوێكـم دەربێنـە!». واتـە عەدالـەت لێـرەدا تەنیـا پەیوەندیـی بـە هەبوونـەوە نیـە، بەڵكـو پەیوەندیـی بـە نەبـوون و نوقسانییشـەوە

هەیـە. کێشـەی نیشـتمانپەروەری لای بەشـێك لـەم دەنگانـە، شـتێکی لـەم جۆرەیـە. گرنـگ نیـە کـێ نیشـتمانپەروەرە و دەتوانێـت چـی بـکات و وەزیفەکـەی لـەم دۆخانـەدا چیـە، بەڵکـو گرنـگ ئەوەیـە بـڕوات و بکوژرێـت. لێـرەوە جارێکـی تـر کێشـەی «ئەرکـی ڕۆشـنبیر» دێتـەوە گـۆڕێ. ئـەم چەنـد ڕۆژە بەبەردەوامـی موتابەعـەی نوسـین و شـیکردنەوەکانم کـردووە لەسـەر ئـەم دۆخـە، بـەڵام هێشـتا شـیکارێکی ئەوتـۆم نەبینیـوە کـە ڕۆشـنبیر بەشـێك لـە ئەرکـی اسـتەقینەی خـۆی گێڕابێـت. ئایـا هـەروا بەبـێ تەحلیـل و قسـە چـەك هەڵبگریـن و بڕۆیـن بـۆ جەنـگ؟ لێرەوەیـە کـە دەبێـت ڕێـز بـۆ تیـۆر و شـیکاری جـدی بگێڕینـەوە و تیـۆر لـەو پێناسـە هەڵەیـە پـاك بکەینـەوە کـە گوایـا «قسـەی زل»ـە. زۆر تیۆریـزەکار هـەن چەکێکیـان هەڵنەگرتـووە و دەیـان و سـەدان هـەزار چەکداریشـیان جووڵانـدووە.

# نامەیەکی کورتی هاوڕێی نوسەرم «بەختیار عەلی»

## دەربارەی یەکێک لە پۆستەکان:

ئازیـزم کاک وەلیـد.. ویسـتم ئـەم کۆمێنتـە بـۆ نوسـینەکەت دابنێـم... دوایـی وتـم هـەر بـۆ خۆتـی دەنێرم...دەربـارەی ئـەو شـۆکەی دوای وەسـتانی فەیسـبوک یـان ئامێرەکانـی تەکنۆلۆژیـا درووسـتدەبێت، مـن بـەو جـۆرە دەیبینـم:

ئێمـە لـە ژیـژەک «وە باوەڕدەکـەم پێشـتر لـە دۆلـۆز و بۆدریار»یشـەوە دەزانیـن کـە واقع بوونـی نییـە. ژیـژەک دەڵێـت جگـە لـە مەجازیـی «فیرتوێـل» هیچـی تـر بوونـی نییـە. بـەڵام ئێمـە لـە دونیـای مەجـازدا چـی دەکەیـن. لـە فەیسـبوکدا مـرۆڤ ئامێرێکـی پەیوەنـدی بەکارناهێنێـت. جـۆرە تەفسـیرێکی وا بـۆ فەیسـبوک یـان بـۆ هـەر کەرەسـتەیەکی تـری پەیوەنـدی مۆدێـرن، بـێ مانایـە، بڕێکیـش ئەحمەقانـە و سـادەیە. مـن واتێدەگـەم فەیسـبوک هەسـتی بـوون بـە «ئەویـدی گـەورە» لـە سـوبێکتە بچوکەکانـدا دەخولقێنێـت. هیـچ چێژێـک لـەو چێـژە ترسـناکتر نییـە کـە تێیـدا سـوبێکتە ملکـەچ و بچوکـەکان هەسـتبکەن بـوون بـە بەشـێک لـە «ئەویـدی گـەورە» یـان هەمـان هێـز و ئیمتیـازی ئەویـان هەیـە. لـە تیورەکانـی حیکایەتخوانیـدا «سرد» دا هەمیشـە بـەر جـۆرە «حیکاتخوانێکـی ئیلاهـی» دەکەویـن. حیکایەتخوانێـک هەمـوو شـتێک دەزانێـت و بـەردەوام لـە هەمـوو شـوێنێکە... فەیسـبوک جـۆرە مەوقعییەتێکـی وەهـا دەدات بـە مـرۆڤ، جێـگای «چاودێرێکـی ئیلاهـی». مـرۆڤ ئـەو هەسـتەی تێدایـە کـە چـاوی لـە هەمـوو شـتێکە و هەمـوو دەنگێکـی دەگاتـێ و هەمـوو دەنگێـک دەیگاتێـت و کـەی بیەوێـت و کێـی بیەوێـت دەتوانێـت پەیامـی بـۆ بنێرێـت. لـە سـەدەکانی پێشـوودا ئـەم ئیمتیـازە تەنیـا «خـودا» هەیبـوو، لەم سـەدەیەدا تەکنیـک ئـەم جـۆرە هەسـتە لـە مرۆڤـە سادەکانیشـدا بەجۆرێکـی وەهمـی سـەوزدەکات. لای فۆکـۆ «پانئۆبتیکـۆن» «چاودێریـی پانۆرامایـی لـە بورجێکـەوە کـە هەمـوو شـتێکی لێـوە دەبینرێـت» جۆرە گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی لـە سروشـتی دەسـەڵاتدا بەرجەسـتەدەکات. مرۆڤـی نـاو ئینتەرنێـت بـە

گشتی و فەیسبوک بەتایبەت، جێگاکەی لە جێگای ئەو چاودێری زیندانە دەکات کە جێرمی بێنتام نەخشە میعمارییەکەی کێشابوو، بورجێک هەمووانی لێوە دەبینێت و لە جێگای خۆیەوە سزا و پاداشت دابەشدەکات. ئەم سروشتە وادەکات، سوبێکتە گیرۆدە و بچوکەکان فەیسبوک وەک شوێنی دەسەڵات ببینن. لە ڕێگای فەیسبوکەوە جێگای «ئەویدی گەورە» داگیردەکەن... خۆیان وەک پاسەوانی بورجەکە دەبینن، پێیان وایە شوێنێکی ستراتیژی و سیحراوییان داگیرکردوە. وەستانی فەیسبوک، دوو شۆکە... شۆکی ونکردنی «ئەویدی گەورە» خۆی کە «فەیسبوک» نوێنەرایەتی دەکات، شوێنی لەدەستدانی ئەو سەحنەیەی کە سوبێکتی ئاسایی تێیدا دەتوانێت ڕۆڵی ئەویدیی گەورە ببینێت. بە کورتی ساتێکی ترسناکی گەڕانەوەیە بۆ «واقع»... لە «لاکان»یشەوە دەزانین «واقع» ناوێکی ترە لە ناوەکانی «مەحاڵ». هیچ شتێک بۆ مرۆڤی مۆدێرن لەوە ترسناکتر نییە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ «واقع». مرۆڤی مۆدێرن تەنیا لە کاتی «نەخۆشی» و «مردن» دا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ واقع... ئەوەی دی کە تێیدا دەژی، سەرتاپا مەجازە

## پۆستەکە:
## فەیسبوك وەك دەعبا:

لەکارکەوتنی فەیسبوك بۆ چەند خولەكێك، لە ڕوودانی کارەساتە سرووشتییەکان دەچوو. دۆخێکی لاڵ و لێڵ زاڵ ببوو. وەك بڵێی فەیسبوك تاکە زمانە بۆ جیهانی ئەمڕۆ. زمان وەکو پەیوەندی نا، بەڵکو وەکو بنکی واقیع. وەك بڵێی، هەموو وێنە و ئیماژ و یادەوەرییەکانمان لە کتوپڕێکدا ون بوون. وەك بڵێی، دیوارێك تەمومژ کەوتە نێوان هەموومانەوە. نەمانی ئەنتەرنێت و فەیسبوك دەتوانن لە پەلاماری «دەعبا و بێگانەکان» بچن: ئەویش لەو خاڵەدا کە شتێك ڕوودەدات و بەڕوونی نازانین چیە!

گەر فەیسبوك و ئەڵتەرناتیڤەکانی نەمێنن، ڕەنگە ئەوکات خۆمان بچینە کەوڵی دەعبا و بێگانە و بێ زمانەوە.

# «شیروان عەبدوڵا»

ناتوانـن بـە تەنـز و ئایرۆنـی و نوکتـە، شـەیدایی خۆیـان بـۆ ئەم فیگـەرە بشـارنەوە. بەڵکـو لەڕێگەی تەنـز و قسـەڵۆکەوە، زیاتـر ئـەم شـەیداییە دەسـەلمێنن. گۆڕینـی «مامۆسـتا» بـۆ «مامۆصـا» هیـچ لـە حەقیقـەت ناگۆڕێـت. بـە مەکـرەوە دەیسـەلمێنیت کـە «چەنـدە مەفتونـی مامۆسـتایت». حەقیقـەت بـە پێـچ و پەنـا و چەوتیـدا خـۆی پیشـان دەدات. حەقیقـەت گـۆج و گەواڵـە، سـەر و شـکڵی چەماوەیـە. جـاران سـەبارەت بـە حەقیقـەت دەوتـرا «تـا ڕاسـتتر دەربکەوێـت، ڕاسـترە». بـەڵام پێچەوانەکـەی «ڕاسـترە»: حەقیقـەت تـا لارتـر دەربکەوێـت، ڕاسـترە. حەقیقـەت بـە فـڕ و فێـڵ و قۆشـمەیی و زۆر شـتی تـر خـۆی پیشـان دەدات.
گـەر لـە واقیعیشـدا نەتوانیـن بچینـە کۆنسـێرتی «مامۆصا»ـوە، ئـەوا شـەو دێتـە خەونمانـەوە. خەویـش یەکێکـە لـەو سـەردابانەی کـە حەقیقەتـی تیـا دەردەکەوێـت.

# جادووه «قه‌شه‌نگ»ه‌كان..

له‌نێـوان ئێمـه‌ و جادووگه‌ره‌كانـدا په‌یمانێكـی شـاراوه‌ هه‌یـه‌، هه‌ردوولامـان كه‌متـازۆر ڕێككه‌وتووین و لێـی بێده‌نگیـن، جادووگـه‌ره‌كان یـه‌ك په‌یامیـان هه‌یـه‌: دڵـت خـۆش ده‌كـه‌م و پـاره‌م بـده‌رێ، بـه‌ڵام بـه‌و مه‌رجـه‌ی وا خـۆت ده‌ربخه‌یـت كـه‌ مـن درۆ ناكـه‌م!

ئه‌مـڕۆ هه‌مـان په‌یـمان كه‌وتۆتـه‌ نێـوان ئێمـه‌ و سیسـته‌می سه‌رمایه‌دارییشـه‌وه‌، سیسـته‌م چه‌ندیـن ده‌ركه‌وتـه‌ی سـه‌یر و سـه‌مه‌ره‌ی هێناوه‌تـه‌ ئـاراوه‌ كـه‌ ڕۆڵـی «جـادوو» ده‌گێڕێـت: وه‌ره‌ یانسـیب و قورعـه‌ بكـڕه‌ و یاریـی خه‌یاڵـی تاقـی بكـه‌وه‌، بـه‌ڵام بـه‌و مه‌رجـه‌ی وا خـۆت ده‌رنه‌خه‌یـت كـه‌ درۆ و گاڵته‌تـان له‌گـه‌ڵ ده‌كـه‌م.

جادووه‌كان، له‌ ڕێ و ڕه‌سمی قه‌شه‌نگدا ئاڵوگۆڕ ده‌كرێن.

# «نەریتی بیرکردنەوە»

لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، دیاردە و زاراوەکان وەکو فۆرم دێن و وەك ناوەڕۆکیش جێدەمێنن. بۆ نمونە، کۆجیتۆکەی دیکارت تەنیا وەك فۆرم دەگاتە ئێمە و لەوەدا کورتی دەکەینەوە کە بیرکردنەوە گرنگە، ئەوەی بیرنەکاتەوە مرۆڤ نیە و بوونی نیە، بۆیە«من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم!». دیارە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ناوەڕۆکی کۆجیتۆکەوە نیە. هێنانی فۆرمەکەیەتی و بەکارهێنانێتی لە سیاقێکدا کە مرۆڤی کوردی دەیەوێت وا خۆی پیشان بدات کە بیردەکاتەوە. جگە لەوەش زاراوەی وەك پۆستمۆدێرنە بە هەڵە هاتووە و وەك هێمای نوێگەری و یاخیبوون بەکاردەهێنرێت. ئەمە جگە لەوەی ڕووخساری نیچە و بادیۆ و کافکا و زۆری تریش لە ناوەڕۆکی ڕادیکاڵ و ڕاستەقینەی خۆیان داماڵێنراون. یان بۆ وێنە، لیبراڵیزم کراوەتە هێمای ئازادی و کرانەوە. یان ڕادیکاڵ وەك ڕەجعی و دۆگما سەیر دەکرێت.

تاکە ڕێگای ڕزگاربوون لەم فۆرماڵیزمە، دورستکردنی نەریتی بیرکردنەوەیە. نەریتی بیرکردنەوە چیە؟ لانیکەم بریتییە لە دیاریکردنی هێڵ و بیریار و سیستەمی زاراوەیی لە گرووپێکی فیکریدا. واتە ئەو بیریارانە و پێشینە و پەیوەندییەکانیان دیاری بکەیت و نەهێڵیت تێکەڵ و پێکەڵ بن. نەریتی بیرکردنەوە دەتوانێت لە ڕێگەی وەرگێڕانی دەقی ئەو بیریارانە و تیۆریزەکردنیانەوە، مۆدێلێکی گرووپی درووست بکات. گرووپێك کە جیهانبینی و زمان و یەکانگیریی خۆی بپارێزێ. نەریتی بیرکردنەوە، پێمان دەڵێت کە دەشێت بیرکردنەوە ئیشی گرووپیش بێت، نەك ئیشی تاکێکی گۆشەگیری بێلایەن! لێرەوە ئیشی گرووپی، ئیشێکی تا ڕادەیەك سیاسییە. جیاکردنەوەی ئەو قوتابخانە فیکری و تیۆرییانەشە کە تێڕوانینی خۆیانیان هەیە بۆ کێشەکان. گەر تێڕوانینی خۆتت هەبوو بۆ کێشەکان، ئەوا بەئاسانی ئەو دەرفەتەش دەڕەخسێنیت کە ڕەخنەت بکەن و بتبینن:

مەگەر ئەمە پێناسە سادە و سەرەتاییەکەی ڕادیکاڵبوون نیە؟

دەبێت زاراوەی(ڕادیکاڵ)یش لەو هەڵەیە ڕزگار بکرێت..

# «دڵ»

«ژان لـوك نانسـی» لـە جێیەكـدا بـاس لـەوە دەكات كـە دڵ شـتێك نیـە پێشـوەخت بوونـی هەبێـت. دڵ هەمیشـە لەگـەڵ شـكانیدا درووسـت دەبێـت. واتـە لـەو چركەیـەدا دڵ درووسـت دەبێـت و بوونـی دەسـەلمێت كـە پارچەپارچـە دەبێـت: بـۆ ئـەوەی هەبێـت، دەبێـت لەنـاو بچێـت...

مامەڵـەی سـوبێكت لەگـەڵ دڵـدا، هەمیشـە مامەڵەیەكـی درەنگوەختـە. ئـەو كاتـە تەركیـزی دەكەوێتـە سـەر دڵ، كـە شـتێكی بەسـەر هاتـووە. وەك بڵێـی پێشـتر دڵ بوونـی نەبـووە، وەك بڵێـی زیادەیـەك بـووە. ئیشـی دڵ ئەوەیـە كـە لەرێگـەی لەناوچوونـی خۆیـەوە، پەیامێـك بگەیەنێـت. پەیامەكـە شـتێكی تـر نیـە، نهێنـی و هەواڵێكـی تـر نیـە، پەیامەكـە هـەر بریتییـە لـە شـكانی دڵ خـۆی. بـە زمانـە لاكانییەكـە: پەیامەكـە هـەر بریتییـە لـە خـۆی.

# «پشک»ی وەرگێڕ:

وەرگێــڕ دەکەوێتــە کوێــی ئــەو تێکســتەوە کــە وەریدەگێڕێــت؟ ئایــا خوێنەرێکــی پێشــوەختی تێکســتەکەیە یــان نوســەری دووەمــە، یاخــود خالقــی ســەرلەنوێی دەقەکەیــە وەك ئــەوەی کــە پۆســتمۆدێرنەکان باســی دەکــەن؟ ئایــا خائینــە بــە مانــا کلێشــەیی و باوەکــەی؟ دەشــێت هیچیــان نەبێــت.

وەرگێــڕ ئاوارەیــە. بەنــاو تێکســتێك وماڵێــك و ســەدان ڕســتەدا تێدەپەڕێــت کــە هــی ئــەو نیــن. جارجــار دەکەوێتــە ئــەو قەلەقەشــەوە کــە ڕەنگــە هــەر هــی کــەس نەبــن. یادەوەریــی لەگــەڵ ئایدیــا و وێنــە و وشــەکاندا هەیــە و پێــی وایــە لــە زۆر شــوێنی تریشــدا بینیونــی؛ وشــە بــە وشــە دەگۆڕێتــەوە؛ کلێشــەکانی وەك ئەمانــەت و خیانــەت تاقــی دەکاتــەوە؛ لــەو هەرەســە ئاگادارە کــە زمانــی یەکــەم لەبــەردەم زمانــی دووەمــدا تووشــی دەبێــت؛ تەرمــی ئــەو دەربڕیــن و ئیدیۆمانــە دەبینێــت کــە دوای خــۆی جێیــان دەهێڵێــت، بــەڵام هــەر دەڕوات و ناوەســتێت. جێیــەك هەیــە و پێــی نەگەیشــتووە: ئــەو جێیــە هیــچ نیــە جگــە لــە خاڵــی ســەرەتا، ســەرەتا خەونــی ســەرەتایی هەمــوو وەرگێڕێکــە کــە دەیەوێــت بگاتــەوە ســەری.

وەرگێــڕەکان تــا ئەبــەد دەتوانــن بــە دەقێکــدا بچنــەوە، ئاوارەیــی واتــە پیاچوونــەوە، پیاچوونــەوە لەپێنــاوی پیاچوونــەوەدا: ئایــا ئــاوارە ڕاســتەقینەکان جگــە لــەو ڕێگایــەی کــە پیایــدا دەچنــەوە هیــچ پشــکێکی تریــان هەیــە؟

# ژۆرناڵیزم و ئەو تەرمەی کە بڕیارە نەمرێت..

(عەتـا محەمەد)ـی چیرۆکنـوس لـە ڕۆمانی(خواجـە نەسرەدیـن...)دا بەشـێوەیەکی سـیمبوڵی بـاس لـە کوشـتنەکانی وەك کوشـتنی سەردەشـت عوسـمان دەکات. عەتـا، فەرمانڕەوایـی کـۆن و نـوێ لـەوەدا بـەراورد دەکات کـە پاشـا کۆنـەکان گوێیـان لـە خواجـە و بەهلـول و نوکتەبێـژەکان دەگـرت و لەڕێگـەی گاڵتەکردنـەوە ڕەخنەکانیـان پێدەگەیشـت. ئـەم جـۆرە کارەکتەرانـە لەمێـژووی ئەوسـادا زۆرن و بـە دیـدی عەتـا دەکەونـە نێـوان شـێت و عاقڵـەوە. بەکورتییەکـەی، جـاران بـەم جـۆرە دەسـەڵاتدارەکان بـە قسـەی خەڵکانـی خـوارەوە دەکەوتنـە پێکەنیـن، بـەڵام لـە دونیـای نوێـدا پەیوەندییەکـە پێچەوانـە بۆتـەوە. دەسـەڵاتدار و دیکتاتـۆرەکان نوکتـە و گاڵتـە دەکـەن و پێویسـتە ڕەعیـەت و هاوڵاتیـان پێبکەنـن. تەنانـەت زۆر کـەس لەسـەر ئـەوە ئیعـدام کـراون کـە نوکتەیـان گێڕاوەتـەوە، گوایا نوکتـە ئیشـی ئـەوان نیـە. عەتـا، مردنـی سەردەشـت وەك خەلەلێـك لـەم پەیوەندییـەدا پیشـان دەدات. سەردەشـت لـە سـەردەمێکدا شـۆخی و گاڵتـەی لەگـەڵ سـەرکردەکاندا کـرد، کـە مافـی گاڵتەکـردن تایبەتـە بـە دەسـەڵاتدارەکان.

لـەم درزەوە، هـەوڵ دەدەیـن تۆزێـك لـە فـەزای ژۆرناڵیـزم دووربکەوینـە و چەنـد تێبینییـەك لەسـەر مەرگـی سەردەشـت بخەینـە ڕوو. ژۆرناڵیـزم و ڕۆژنامەنوسـیی کـوردی، مردنـەکان کـورت دەکاتـەوە بـۆ ڕسـتێك کلێشـەی وەك: سەردەشـتیش یەکێکـە لـە شـەهیدانی ئـازادی و قەڵـەم، سەردەشـت سـەلماندی کـە ئازادیـی بیـروڕا بوونـی نیـە و هتـد. ئـەم کلێشـانە، گەرچـی ڕاسـتیی سـەرەتاییان تیایـە بـەڵام غـەدری ژۆرناڵیستیشـیان تیایە. گـەر ئـەم کلێشـانە تـا دوا سنوری لۆژیکـی ڕابکێشـین، ئـەوا دەگەینـەوە بـەم دەرەنجامانـە: پێویسـتە ڕێـگای ئـازادی هەمیشـە دوور بێـت، هـەر کوژراوێـك یـەك دانەیـە و تاکـە ژمارەیەکـە، هـەر قوربانییـەك دەچێتـەوە پاڵ قوربانییەکانـی تـر و دەبێتـە چەندێتییەکـی ڕووت، دادگاییکردنـی بکوژانـی سەردەشـت جۆرێکـە لـە عەدالـەت و قەرەبـوو. گـەر تۆزێـك ورد بینـەوە، پەیوەندیـی عەدالـەت و مـردن لەمـە ئاڵۆزتـرە بـە دادگا قەرەبـوو بێتـەوە، جگـە لـەوەی کـە مـردن خـۆی دۆخێکـی موتڵەقـە و زۆرجـار بـەراورد و چەندێتـی

و قه‌ره‌بـوو هه‌ڵناگرێـت. دادگاییه‌كـه لـه هه‌ولێـر بێـت یـان لاهـای، نیشـانه‌كانی سـه‌ر ته‌رمـی سه‌رده‌شـت چاره‌سـه‌ر نـاكات. كه‌واتـه چـی لـه ته‌رمه‌كـه‌ی سه‌رده‌شـت بكه‌یـن؟

ڕه‌نگـه ئـه‌م پرسـیاره سـاده‌یه تـا سـه‌رده‌مێكی دوور بمێنێتـه‌وه. ئـه‌وه‌ی هه‌یـه ته‌رمێكـه. له‌ڕاسـتیدا ئـه‌م ته‌رمـه هێشـتا غه‌ریـب و تۆقێنـه‌ره. وه‌ك بڵێـی ناتوانیـن توخنـی بكه‌ویـن. هـه‌ر ئه‌مه‌شـه كـه تـا ئێسـتا كوشـتنی سه‌رده‌شـتی وه‌ك زه‌ربـه و تراومایه‌كـی ده‌روونـی لای هه‌موومـان هێشـتۆته‌وه. مه‌به‌سـت لـه تـه‌رم، له‌شـی بێرۆحـی قوربانییـه‌ك نیـه. به‌ڵكـو جـۆره ماتریاڵێكـی موقه‌ده‌سـه كـه خۆمـان داومانـه بـه كوشـتدا و ئێسـتاش ده‌یپه‌رسـتین. ئه‌مـه لـه تیـۆری ته‌وته‌مـی فرۆیدیشـه‌وه نزیكـه. خێڵـه سـه‌ره‌تاییه‌كان، گیانه‌وه‌رێـك ده‌كـوژن و پاشـان لـه‌ده‌وری كۆده‌بنـه‌وه و ده‌یپه‌رسـتن. بـه ته‌عبیره‌كـه‌ی ژیـژه‌ك، بڕیـاره ته‌رمـی سه‌رده‌شـت نه‌مرێـت؛ یـان ئـه‌و ته‌رمـه‌ی كـه بڕیـاره نه‌مرێـت. ئه‌مـه به‌پێچه‌وانـه‌ی گوتـاری ژۆرناڵیزمـه‌وه، كـه سه‌رده‌شـت ده‌مرێنێـت و چاوه‌ڕوانـی قوربانیـی دواتـره. چاوه‌ڕوانـی ئه‌وه‌یـه لیسـتی كـوژراوه‌كان له‌سـه‌ر شاشـه‌ی ته‌له‌فزیـۆن درێژببنـه‌وه، بـۆ ئـه‌وه‌ی پـتر بیسـه‌لمێنن كـه ئـازادی بوونـی نیـه و هه‌موومـان ئامـاده‌ی قوربانیدانیـن. هـه‌ر ئه‌مه‌شـه كـه مه‌رگدۆسـتی لـه ئینسـانی ئێمـه‌دا ده‌جوڵێنێـت و زۆرێـك هـه‌ن ده‌خـوازن «شـه‌هید» بكرێـن. ته‌نانـه‌ت وه‌سـیه‌تی پێـش كوشـتنیش، لای هه‌ندێـك ڕۆژنامه‌نـوس ئامـاده و بـڵاو ده‌كرێنـه‌وه. ته‌رمه‌كـه بیرده‌برێتـه‌وه. ده‌نگێـك هه‌یـه كـه حـه‌سره‌ت بـه‌وه‌وه ده‌چێژێـت كـه سه‌رده‌شـتی نه‌بینیـوه و نه‌ناسـیوه. ئه‌مـه تـه‌وه‌ری به‌شـێك لـه نوسـین و هه‌ڵوێسـته‌كان پێكدێنێـت. وه‌ك بڵێـی، چێـژی مه‌رگدۆسـتییه‌كه لـه قووڵاییـدا تێـر نه‌بـووه. بـۆ ئـه‌وه‌ی ئـه‌م چێـژه تێـر ببێـت، ده‌بێـت قوربانییه‌كـه بناسـین و یاده‌وه‌ریـمان له‌گه‌ڵیـدا هه‌بێـت و پاشـان مردنه‌كه‌شـی له‌مـس بكه‌یـن. مردنه‌كـه‌ی ببێتـه دیمه‌نێكـی كامـڵ لـه زاكیـره و یاده‌وه‌ریمانـدا. بـه ته‌نیشـتی ئـه‌م هه‌سـته‌وه، ڕیزێـك میتافـۆری مه‌رگدۆسـتانه‌ی دی به‌رهـه‌م ده‌هێنرێـت: سه‌رده‌شـت حه‌لاجێكـی تـره، سـوقراتێكی تـره، خاوه‌نـی شـه‌هاده‌تێكی تـره.

خوێنـی سه‌رده‌شـت پێویسـتی بـه‌م ئه‌فسـانه و قه‌ڵه‌وكردنانـه نیـه. سه‌رده‌شـت و كاوه و سـۆران، پێویسـتیان بـه‌و بـه‌راورده ئه‌فسـانه‌ییه نیـه. ئه‌مانـه گه‌نجـی سـاده و دڵسـافن، لـه نزیـك ژیانـه‌وه كـوژران، ته‌نانـه‌ت ئاسـتی نوسـین و ده‌ربڕینیـان ده‌لالـه‌ت لـه‌م خاڵسـی و سـاده‌ییه‌یان ده‌كات. بـه‌راوردی ئه‌مـان بـه فـڵان ئایكۆنـی مێژوویـی، نیه‌تێكـی شـاراوه‌ی كۆمه‌لایه‌تیـی له‌پشـته‌وه‌یه و كۆمه‌ڵـگا بـۆ هه‌سـتی تـر ده‌گه‌ڕێـت، بـۆ تێركردنـی غه‌ریـزه‌ی شـاراوه‌ی تـر.

سه‌رده‌شـت پێشـتر ده‌یزانـی ده‌كوژرێـت، كـه ده‌شـكوژرێت له‌ناوناچێـت و وه‌ك مردنه‌كـه‌ی تـا

ڕۆژگارێکـی دی کامـڵ و پـڕ نابێتـەوە. واتـە هەنـدێ مـردن تـا سـەردەمانێکی دی، درێژدەبنـەوە و پـڕ نابنـەوە. مانـا و خەرمانـە و دەلالەتەکانـی خۆیـان نادۆزنـەوە. بـەم پێیـە، کوشـتنی سەردەشـت جۆرێکـە لـە دیالەکتیکـی مـان و نەمـان، کـوژران و نەکـوژران. گـەر دیوێکـی سەردەشـت بـۆ ئازادیـی قسـەکردن کوژرابێـت، ئـەوا دیوەکانـی تـری بـە شـاراوەی دەمێننـەوە. ئـەم جـۆرە مردنانـە لـە سـەرەتادا جۆرێکـن لـە تراومـا بـە زمانـە فرۆیدییەکـە، یـان ڕیـاڵ بـە زمانـە لاکانییەکـە. واتـە وەك شـۆکێکی تەعبیرنەکـراو ڕوودەدەن و پـاش زەمەنێکـی تـر دێنـە نـاو سیسـتەمی ڕەمـزی و مانـاوە. واتـە هەوڵـی ژۆرناڵیـزم و جەمـاوەر، نەمرکردنـی سەردەشـت نیـە؛ بەڵکـو زوو مراندنێتـی. دەیانەوێـت قوربانییەکـە کۆتایـی بێـت و بینێـرن بـۆ مێـژوو و بیکەنـە سـیمبوڵ. ئەمـە بەپێچەوانـەوەی ئـەم بۆچوونـەوە کـە، قوربانییەکـە پارچـە پارچـە دەمرێـت و مەدلولەکانـی یەکسـەر خۆیـان نـادەن بـە دەسـتەوە. هـەر لێـرەوە، ڕەنگـە سـەیر نەبێـت کـە هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی بکـوژەکان؛ پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆی بـە ئازادییـەوە نەبێـت. چونکـە لانیکـەم بکـوژە گـەورە و ڕەمزییـەکان دیـارن. تـا ئـەو ڕادەیـە دیـارن کـە قوربانییەکـی تریـش بەڕێوەیـە. ئـەو هۆشـیارییەی کـە خـۆی لـە دۆزینـەوەی بکوژەکانـدا کـورت دەکاتـەوە، هۆشـیارییەکی ژۆرناڵیسـتی و پۆلیسـی و کاتییـە. پەڕینـەوەی ئـەم جـۆرە هۆشـیارییە لـە شاشـە و گۆڤارەکانـەوە بـۆ نـاو خەیاڵـی جەمـاوەر، پەڕینەوەیەکـی ڕاسـتەوانە و ڕوون و بەرچـاو نیـە. گواسـتنەوەی هۆشـیارییەکە بـە کەناڵـی پیچاوپێچـدا ڕوودەدات: ئایـا جەمـاوەر واقیـع کـورت ناکاتـەوە بـۆ فیلمێـك و بکوژەکانـی نـاوی؟

پـاش ڕۆمانەکـەی عەتـاش، وردە وردە ئـەوە دەردەکەوێـت کـە سیاسـییەکان نـەك هـەر تەنـز و نوکتـە دەگێڕنـەوە، بەڵکـو دەشـتوانن ڕەخنـە لـە خۆیـان بگـرن. نوکتـە ڕاسـتەقینەکە ئەمەیـە. ئـەو دەمـەی ڕەخنـە لـە خـۆت دەگریـت، ئیـدی سـیحری ڕەخنەگرتـن تـەواو کاڵ دەکەیتـەوە. هـەر ڕەخنەیـەك وەك نوکتەیەکـی بێتـام و بەتاڵـی لـێ دێـت.

یادکردنـەوەی سەردەشـت بریتـی نیـە لـە کۆپیکردنـەوەی بیرەوەرییـەك؛ بەڵکـو گەڕانەوەیـە بـۆ سـەر ئۆبێکتێـك، تەرمێـك، ڕووداوێـك کـە قوربانییەکـەش تەفسـیری تـەواوی بـۆی نەبـوو. دەتوانیـت یاداشـت و بابەتـە چکۆلەکانـی سەردەشـت عوسـمان بخوێنیتـەوە و بیپشـکنیت. قوربانییەکـەش تـا جێیـەك دەیتوانـی لـە مردنـی خـۆی تێبگات...ئـازادی هەمیشـە دەسـکەوتێکی پلەپلـە نیـە کـە بەسـەر تەرمـی قوربانییەکانـدا پێـی بگەیـت. زۆرجـار مردنـەکان، وەك جوڵـە و ژێسـتێکی خاڵـی دەمێننـەوە و هیـچ نرخێکیـان لـە مێـژوودا نیـە.

# کە نایبوریت..

کلێشـەیەکی لـەم جـۆرە هەیە«مرۆڤـی گـەورە، هەڵـەی گـەورە دەکات». دەبێـت ئـەم کلێشـەیە تۆزێـك بخرێتـەوە سـەر مەدارەکـەی خۆی«مـرۆڤ، هەڵـە دەکات». سـیفەتی «گـەورە» لـە پـاڵ وشـەی مـرۆڤ و هەڵـەدا، سـیفەتێکی بەتاڵـە. مـادام پێشـتر دراوەتـە پـاڵ مـرۆڤ، دواتریـش ئـەم مرۆڤـە وەك هـەر مرۆڤێکـی تـر هەڵـەی کـردووە و هـەوڵ دراوە لەرێگـەی زمانـی کۆمەڵایەتییـەوە هەڵەکـەی بپۆشرێـت: مـادام تـۆ گەورەیـت، هەڵـەی گەورەشـت لـێ دەوەشـێتەوە. پێچەوانەکـەی چیـە: مرۆڤـی بچـوك، هەڵـەی بچـوك دەکات. بەهـۆی پێچەوانەکەیـەوە تێدەگەیـن کـە کلێشـەکەی سـەرەوە فشـۆڵ و ریاکارانەیـە.
لێبـوردن چەمکێکـی زل و عمومـی و ئایدۆلۆژییـە. بـۆ ئـەوەی باسـی بکەیت، دەبێـت پارچەپارچەی بکەیـت، بیکەیتـە پرسـیارێك و هەرجـارە و بیخەیتـە بـەردەم سـوبێکت: تـۆ بۆچـی دەمبوریـت؟ ڕەنگـە وەڵامەکـەش ژێسـتێکی سـادە بێـت: چونکـە هەڵـەم کـردووە. یـان دەشـێت ئەمەشـی بـۆ زیـاد بکەیـن: سـوبژەکتیڤیتەی مـرۆڤ لەسـەر هەڵـە و چەمانـەوە درووسـت بـووە. واقیـع خـۆی هێڵێکـی چەماوەیـە، حەقیقـەت بـە چەمانـەوە و هەڵـەدا دەبێتـە حەقیقـەت. بـەم پێیـە گەورەتریـن ژێسـتی مـرۆڤ کـە خۆشەویسـتییە، لـە خاڵێکـدا دەچەمێتـەوە بەسـەر خۆیـدا.
بەپێچەوانـەی مۆراڵـی کلاسـیکی و دینییـەوە، لێبـوردن شـتێك نیـە بیدەیتـە ئـەوی تـر. دیارییـەك نیـە تـا بینێریـت. لێبـوردن، جۆرێکـە لـە بۆشـایی. جۆرێکـە لـە سـەیرووره و بەردەوامـی. داوەتکردنـی ئەویـترە بـۆ ئـەوەی بێتـە ناوتـەوە و لەجـاران نزیکـتر ئەزموونـت بـکات. تێبـگات کـە تـۆ سـوبێکت نیـت، تـۆ ئۆبێکتیـت؛ بکـەر نیـت بەڵکـو بـەرکار و بابەتیـت. کەسـی لێبـوردە ئۆبێکتـە، چونکـە چـاوی خەتاکارەکـەی لەسـەرە تاکـو بیبەخشـێت. نیـگای خەتـاکارەکان لـەو نیگایـە دەچـن کـە مـرۆڤ دەکاتـە شـت و بابـەت و وشـکی دەکات.
دوای هەڵـەکان، پێکهاتـە و سـوبژەکتیڤیتەی مـرۆڤ لەرزەیەکـی تێدەکەوێـت. سـوبێکت

سـیمایەکی تـری خـۆی تاقـی دەکاتـەوە. کاتێکیـش ئـەوی تـر نابوریـن، نامەیەکـی لـەم جـۆرە دێت:«نەتبوریـم بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنیت کـە تـۆ هەڵـە ناکەیـت. ئـەم لێنەبوردنـە، خـۆی جۆرێکـە لـە هەڵـە. ئایا ئـەم هەڵەیـە، خـۆی جۆرێـك نیـە لـە حەقیقەتـی مـرۆڤ؟». یـان بەپێـی چیرۆکەکـەی عیسـای مەسـیح: بـا ئـەو کەسـە بـەرد بگرێتـە ژنـە گوناهبارەکـە کـە خـۆی گونـاه و هەڵـەی نەبێـت؛ بـەڵام دیـارە هیچکـەس نیـە بێگونـاه بێـت. بەردەکانتـان دابنێنـەوە، بەقەولـە باوەکـە: لەگـەڵ هـەر ژنێکـی زینـاکاردا، چەنـد پیاوێکییـش تاوانبـارن.

دواجـار لێبـوردن دەکەوێتـە کوێـی عەشـقەوە؟ بەپێـی دەروونشـیکاری، عەشـق خـۆی زۆرجـار لـە هەڵـە و پێـچ و پەنایەکـەوە ڕوودەدات. عەشـق هێڵێکـی ڕاستەوڕاسـت نیـە. زۆرجـار بـە هـۆی پنتێکـی چکۆلـە و لابـەلاوە هەڵدەگیرسـێت. پرۆسـەیەك نیـە خاڵـی بڕیـار و دەرەنجامـی هەبێـت، وەك کەتەلـۆگ ئیشـی پـێ بکەیـت و ڕاسـت و هەڵەکانـی لێـك جیابکەیتـەوە. لەدرێـژەی ئەمـەدا، زۆرجـار عەشـق لەڕێگـەی گـرژی و هەڵەکانیـەوە خـۆی دەپارێزێـت. لانیکـەم ئـەو هەڵانـەی کـە بـە پەیمانـی شـاراوە و ناڕاسـتەوخۆی هـەردوولا کەوتوونەتـەوە، بـێ ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ ئـاگاداری بووبـن.

# نیشانەکان بۆ کوێ دەچن؟

## یاداشتێکی سەرەتایی دەربارەی نیشانە-ناسی

### «نیشانە لەجیاتیی نیشانە»

«نیشانە» پەیوەندیی بە غیاب و جێنشینەوە هەیە. واتە وشەیەک یان شتێکە و دەبێتە جێگرەوەی دیاردەیەکی تر. دیاردەیەک کە خۆی غایبە و لەجیاتیدا نیشانەیەک حازر و ئامادە دەبێت. بۆ نمونە، گوڵی سور نیشانەی عەشقە. لێرەدا عەشق خۆی دەچێتە دواوەوە و نیشانەیەک وەک نوێنەرەکەی دەردەکەوێت. نیشانە تەنیا لە وشە و زماندا قەتیس نابێت، بەڵکو وێنە و دەنگ و دیاردەی کۆمەڵایەتی و زۆر شتی تریشدا هەیە. بە دەربڕینێکی تر، نیشانە دەتوانێت ببێتە جێنشینی شتێکی مادی، زەینی، خەیاڵی، سرووشتی، دەستکرد و هتد. سەرەتای نیشانەناسی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ و دواتریش قەشە ئۆگەستین و جۆن لۆک و...هتد. بەڵام وەک زانستێکی تۆکمە دەگەڕێتەوە بۆ زمانناسی سویسری فێرنیناند دی سۆسێر. سۆسێر پێی وابوو تەنانەت زمانیش بونیادێکی نیشانەناسییانەی هەیە. دیارە کە سۆسێر نیشانە دابەش دەکات بۆ دال و مەدلول. دال بریتییە لە وێنەی دەنگیی وشەکە و مەدلولیش بریتییە لە مانا و مەفهومە زەینییەکەی. بۆ نمونە، لە وشەی «دەرگا»دا، دال بریتییە لە دەنگ و وێنەی وشەی دەرگا و مەدلولیش بریتییە لەو مانایەی کە لە زەینتدا دروستی دەکات. دیارە پەیوەندیی دال و مەدلول پەیوەندییەکی ناوەکییان پێکەوە نیە. بۆ نمونە «دەرگا» لە زمانەکانی تردا وشەی تری بۆ بەکار دەهێنرێت و ڕواڵەت و وێنەکەی دەگۆڕێت. پێشینەی نیشانەناسی لە فیکری ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ نیشانەی نەخۆشی. نیشانە دەیتوانی گوزارشت لە نەخۆشییەکی شاراوە بکات. تەنانەت ئەم خاڵە لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیشدا تێمایەکی ئاشنایە. بۆ نمونە، سەعدی

شـیرازی ده‌ڵێت(رنـگ زردم نشـانه عشـق است/کشـور عشـق رایتـی دارد-ڕه‌نگـی زه‌ردم نیشـانه‌ی عه‌شـقه/وڵاتی عه‌شـقیش ئـاڵا و به‌یداخێکـی هه‌یـه). یـان لـه ده‌روونشـیکاریدا نیشـانه‌کان ده‌توانـن زنجیره‌یـه‌ک یـاده‌وه‌ری و شـتی چه‌پێنراومـان به‌زه‌ینـدا بێننـه‌وه. هه‌ندێـک جـار نیشـانه‌ی نه‌خۆشـی یـان ئامـاژه‌ی نه‌خۆشـی لای لاکان لـه خـودی نه‌خۆشـییه‌که گرنگـتره. نه‌خۆشـییه‌که و سـوبێکتیش بـه هـۆی نیشـانه‌که‌وه بوونیـان هه‌یـه. لاکان به‌مـه ده‌ڵێـت سـه‌مپتۆم یـان نیشـانه/ئاماژه‌ی نه‌خۆشـی. بـۆ نمونـه ژن نیشـانه‌ی نه‌خۆشـیی پیـاوه و پیـاو بـه هـۆی ژنـه‌وه بوونـی خـۆی ڕاگرتـووه. دواتـر لاکان سـه‌مپتۆم ده‌گۆڕێـت بـۆ سـینتۆم. ئه‌مجاره‌یـان ئیـدی نیشـانه‌که ته‌فسـیر ناکرێـت و وه‌ک په‌ڵه‌یه‌کـی خـز ده‌مێنێتـه‌وه. ده‌توانیـن ئه‌مـه ناوبنێیـن نیشـانه‌ی لێـڵ و بـه ڕوونـی ته‌عبیـر لـه غیابێـک نـاکات. نیشانه‌ناسـی له‌سـه‌ر ده‌سـتی چارلـز پێرسـی فه‌یله‌سـوفی ئه‌مریکییـش پـه‌ره‌ی پێـدرا. پێـرس نیشـانه‌ی دابـه‌ش ده‌کـرد بـۆ سـێ بـه‌ش: ۱) نیشـانه‌ی سـیمبولی: لـه‌م نیشـانه‌یه‌دا په‌یوه‌ندیـی نێـوان دال و مه‌دلـول په‌یوه‌ندییه‌کـی ڕێکه‌وتنئاسـایه. واتـه ڕێکه‌وتنێکـی کۆمه‌ڵایه‌تییـه له‌سـه‌ر ئـه‌وه‌ی کـه فـڵان شـت نیشـانه‌ی فـڵان شـت بێـت. دیـاره زۆرجـار ئـه‌م ڕێکه‌وتنـه ناراسـته‌وخۆ و زه‌مه‌نییـه و خـۆی درووسـت ده‌بێـت. بـۆ نمونـه، ڕه‌نگـی سـه‌وزی ترافیـک نیشـانه‌ی په‌ڕینـه‌وه بێـت، یـان جلـی ڕه‌ش نیشـانه‌ی پرسـه بێـت. ۲) نیشـانه‌ی ئایکۆنـی یـان وێنه‌یـی: لێـره‌دا دال و مه‌دلـول په‌یوه‌ندییه‌کـی لێکچوونیـان پێکـه‌وه هه‌یـه. بـۆ نمونـه، وێنـه‌ی که‌سـێک و ڕووخسـاری ئـه‌و که‌سـه. ۳) نیشـانه‌ی گوزارشـتکار یـان ئیندێکـس: لێـره‌دا په‌یوه‌ندیـی دال و مه‌دلـول په‌یوه‌ندییه‌کـی سرووشـتییه. واتـه هـۆ و ئه‌نجـام په‌یوه‌ندییه‌کـی ئاسـایی و سرووشـتییان پێکـه‌وه هه‌یـه. بـۆ نمونـه، دوکـه‌ڵ نیشـانه‌ی ئاگـره. یـان ئـاخ و ئـۆف نیشـانه‌ی حـه‌سره‌ت و غه‌مـه. به‌کورتییه‌کـه‌ی گـه‌ر جـۆره جوگرافیایه‌کـی نـوێ بـۆ نیشانه‌ناسـی بکێشـین ئـه‌وا بـه‌م جـۆره‌ی لـێ دێـت: زمانناسـانی سویسرایی، فه‌یله‌سـوفانی ئه‌مریکـی-له‌ناویانـدا لقـه پراگماتییه‌کـه-، ڕه‌خنه‌گرانـی ئه‌ده‌بیـی ڕووسـی-وه‌ک فۆرماڵیـزم-. نیشانه‌ناسـیی سۆسـێر و پێـرس و یاکۆبسـن و ئیمبه‌رتـۆ ئیکـۆ ئاڵـۆز و فـره ڕه‌هه‌نـدن و ئـه‌م ئاماژه‌کردنـه ساده‌یه‌ی ئێمـه‌ش خـۆی نیشـانه‌یه. نیشـانه‌یه بـۆ ئـه‌وه‌ی کـه لـه دونیـای ئێمـه به‌ڕوونـی قسـه لـه نیشانه‌ناسـی نه‌کـراوه. نیشـانه‌یه بـۆ غیابێـک، غیابێکـی ڕاسـته‌قینه. زۆرجـار ده‌سـته‌واژه‌ی «ئـه‌و دیـوی شـته‌کان» لـه دونیـای ئێمـه‌دا ئاماژه‌یه‌کـی نیوه‌ناچڵـه بـۆ نیشانه‌ناسـی. واتـه ئـه‌و دیـوی شـته‌که ببینـه و مانـا شـاراوه‌کانی بـدۆزه‌وه. نیشانه‌ناسـی خـۆی هه‌وڵێکـه بـۆ که‌شـفکردنی ئه‌ودیـوی شـته‌کان. لێـره‌وه نیشانه‌ناسـی وه‌ک زۆر زانسـتی تـر، ناواخـن بۆتـه‌وه لـه نوسـینی کوردیـدا و هێڵه‌کانـی جیـا نه‌کراوه‌تـه‌وه. دیـاره ئه‌مـه بـه جۆرێـک ئاسـاییه و هه‌ڵگرتنـی سـنوره له‌نێـوان زانسـته‌کان و تێهه‌ڵکێشـکردنیاندا[دیاره لـه کوردیـدا

ناڕاستەوخۆ و بێئاگاییانە ئەمە کراوە}.
نیشانە زۆرجار شتێکی زیادکراوە، واتە جۆرێکە لە (مێاف الیه)ی عەرەبی. واتە شتێک یان دیاردەیەکت هەیە و لقێکی لێ دەبێتەوە، جێنشینێکی بۆ زیاد دەبێت. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییە قووڵەی کە لەنێوان زمان و دونیا و شتەکاندا هەیە. ئەو ناکۆکییەی کە ناکرێت شتەکان پێکڕا و پێکەوە ئامادە بن. بۆیە دەبێت بەشێک لە دونیا و شتەکان پاشەکشە بکەن و لە ڕێگەی جێنشینێکەوە خۆیان دەربخەن. بەڵام شتەکان بۆ کوێ پاشەکشە دەکەن؟ دەشێت وەڵامێکی سەرەتایی جێ بهێڵین: بۆ ئەو دیوی زمان، بۆ ناو بیرەوەری، بۆ ڕابردوو یان ئایندە ..هتد. ئەو کاتەی کە نیشانەیەک خۆی دەردەخات، خودی شتەکە ل جێیەکی ترە. گەر لە جێیەکی تریش نەبێت ئەوا لە کاتێکی ترە. ئایا ئەمە جەوهەری فیکری ژاک دێریداش نیە سەبارەت بە میتافیزیکی حزوور؟ واتە نابێت شتەکان لە یەک کات و شوێندا ئامادە بن! بۆ نمونە، ناکرێت دالێک و مەدلولەکەشی لە یەک کات و شوێندا ئامادە بن. گەر وەها بێت ئەوا جۆرێک لە داوی میتافیزیکی درووست دەبێت و ئامادەیی یان حزوور دێتە ئاراوە. دێریدا مەترسیی ئەم جۆرە میتافیزیکەی لە فیکری غەربیدا بە درێژی ڕوون کردۆتەوە. دێریدا دال و مەدلولی سۆسێرە لێک دەترازێنێت و هەڵیدەوەشێنێتەوە و ناوی دەنێت هەڵوەشانەوەگەرایی یان «تەفکیکیەت». مەدلول شتێک نیە یەکسەر ئامادە بێت. مەدلول دەبێت هەمیشە دوا بکەوێت و دواش دەکەوێت. مانا شتێکی دواخراو و نیشانەییە. لێرەوە خەیاڵم بۆ وشەی(حەزرەت) دەچێت لە دونیای خۆماندا. وشەی حەزرەت لە (حزوور)ەوە هاتووە و ڕێک تەعبیرە لەو میتافیزیکی حزوورەی کە دێریدا ڕەخنەی دەکات. حەزرەت لای خۆمان ئاماژەیە بۆ ئەو کارەکتە موقەدەسەی کە هەمیشە حازر و ئامادەیە. کات و شوێن جووت دەکات و لەگەڵماندا حازرە: حەزرەتی محەمەد، حەزرەتی غەوس و هتد. سنوری دال و مەدلول ون دەبێت و یەکڕەنگ دەبێت.

## «نیشانە وەک مەرگی نیشانە»

نیشانەکان خزن. هەر دالێک دەتوانێت ببێتە مەدلول بۆ دالێکی تر. لەم فاکتە سەرەتاییەوە دەست پێدەکەین. دەکرێت هەر نیشانەیەک شوێنپێ و شوێنەواری شتێکی تر بێت. شتێک کە لەدەستچووە، گەرچی ڕەنگە بێتەوە و نەمرێت. بەڵام دەکرێت ئەمڕۆ شتێک نیشانە بێت

و سبەی ببێتە نیشانە بۆ شتێکی تر. بۆ نمونە، ڕەنگە ئەمڕۆ هەبوونی «ورگ» نیشانەی سستی و بێ سەلیقەیی بێت و دوێنێ نیشانەی دەوڵەمەندی بووبێت. نیشانەناسی هەمیشە لەناو کۆنتێکست و سیاقدا ئیشی خۆی دەکات. واتە دەبێت ئەو چوارچێوە کەلتورییە بناسیت کە نیشانەکانی تیا دروست دەبێت. هەر لێرەشەوەیە کە ئەمڕۆ پاش نیشانەناسی، زانستەکانی تریش سودی ڕاستەوخۆ لە نیشانەناسی وەردەگرن و لقی تێهەڵکێشیان دروست کردووە: نیشانەناسیی کۆمەڵایەتی، نیشانەناسیی کەلتوری و پزیشکی و ئەنترۆپۆلۆژی و هتد. تەنانەت تەفسیر و لێکدانەوەی خەونەکانیش لە سیاقی کەلتوریدا مانای خۆیان وەردەگرن لە ئاستە عەوامییەکەیدا. بۆ نمونە، دوێنێ شتێک لە خەوێکدا نیشانە بووە بۆ دۆخێک و ئەمڕۆ لەگەڵ گۆڕانی ژیانی کەلتوریدا نیشانەیە بۆ دۆخێکی تر. ئەمڕۆ گەر خەوننامەیەک بنوسرێتەوە، دەکرێت نیشانە و مەدلولەکانی جیاوازتر بن.

دەکرێت نیشانە گەڕانەوە بێت بۆ جەوهەرێک، بۆ نەگۆڕێک، بۆ مەدلولێکی جێگیر. بۆ نمونە، دەکرێت مەعشوق چەندین نیشانەی هەبێت: مانگ، گوڵ، هەناسە و هتد. لێرەدا هەریەک لەو وشانە مەدلولن و دەلالەت لە مەعشوق دەکەن. ئەم نیشانانە لێرەدا کارکردێکی «میتافۆری»یان هەیە. واتە جێگرەوەی ئیستیعاری و خوازراوی مەعشوقن و کاتین. واتە هەمیشە مەعشوق/مەدلول وەک جەوهەرێکی پێشوەخت ئامادەیە و بەردەوام نیشانە بۆ خۆی بەرهەم دێنێتەوە. میتافۆر لێرەدا بەرهەمهێنێکی چالاکی نیشانەیە و بەردەوام زمانی رۆژانەش سود لە میتافۆر وەردەگرێت. لە ئەدەبیشدا دیسان چالاکە. گۆران «ئاڵتون...» بەکار دەهێنێت وەک نیشانەیەک بۆ گەڵای زەردی پایز، گەڵایەکی زەرد وەک ئاڵتون. لە دونیای سەرمایەداریی ئەمڕۆدا ژان بۆدریار دیدێکی نیشانەگەرای هەیە. بۆدریار پێی وایە سەرمایەداری گەیشتۆتە دۆخێک کە لەجیاتیی کاڵا، نیشانە بەرهەم دێنێت. کاڵا چیتر بۆ پڕکردنەوەی پێویستی نیە، بەڵکو زنجیرەیەکی ناکۆتای بێ ئامانجە. هەر کاڵایەک نیشانەیە بۆ کاڵایەکی تر. بەدیلێکی بەتاڵە بۆ کاڵایەکی تر. دالێکە بۆ دالێکی تر و مەدلول لەناوچووە. ئەسڵ و دەق لەناوچووە و نیشانەی زۆر بو زەبەند جێی گرتوونەتەوە. هەر ئەمەشە وا دەکات کە بڵێت»ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە زانیاریی زۆر و زەبەند هەیە، بەڵام مانای کەمتر و کەمتر ئامادەیە». دیارە بۆدریار دەیەوێت بڵێت نیشانەکان چیتر ناگەڕێنەوە بۆ مەرجەعێکی دیاریکراو، بۆ سەرچاوەیەکی مانا. جلوبەرگ و ڕیکلام و پششوی دایەرەکان چیتر ناگەڕێنەوە بۆ مەرجەعێکی مانایی. لێرەشەوە دەتوانین بەرمەبنای ئەم دیدەی بۆدریار بڵێین، هەواڵەکانیش لە دۆخێکی لەم

جـۆرەدا دەژیـن. بـەردەوام نیشـانەمان پێـدەدەن، بـێ ئـەوەی بەتـەواوی واقیـع بناسـین. لێـرەوە کـە نیشـانە وەک ڕەگـەزی سـەرەکیی درووسـتبوونی مانـا دادەنرێـت، دەبێتـە توخمێکـی نیهیلیسـتی. لای چارڵـز پێـرس، زانیـن و ناسـین لـە نیشـانەوە دەسـت پێـدەکات. تەنانـەت حەقیقـەت خـۆی پرۆسـەیەکە کـە مـرۆڤ پلەپلـە پێـی دەگات و زانینەکـەی لـە ئاسـتێکی تایبەتـدا ناوەسـتێت. دیـارە ئـەم نەوەسـتانە پەیوەندیـی بـەو بنەمـا نیشانەناسـییەوە هەیـە کـە هـەر شـتێک دەبێتـەوە بـە نوێنـەر و نیشـانە و نواندنـەوەی شـتێکی تـر. تـەوەری دواتـر تیشـک دەخەینـە سـەر کێشـەی نواندنـەوە وەک کێشـەیەکی میتافیزیکـی.

بـەڵام پرسـیارێکی درەنگوەخـت دێتـە پێشـەوە: ئایا شـتێکمان هەیـە کـە نەبێتە نیشـانە و پێویسـت بـە نیشـانە نـەکات؟ ڕەنگـە بتوانیـن بـە کۆمەکـی «لۆژیکییـە ئەتۆمگـەراکان» سـەبارەت بـە «نـاوی تایبـەت» وەڵامێکـی ڕێژەییـمان دەسـت بکەوێـت. ئـەوان پێیـان وایـە کـە « نـاوی تایبەت-اسـم خـاڵ» خاوەنـی میسـداق و مەدلولـی خۆیەتـی. مـەودا لەنێـوان دال و مەدلولـدا نامێنێتـەوە و نابێتـە نیشـانە. بـۆ نموونـە، کـە وتـمان «هەولێـر» ئیـدی دیـارە ئامـاژە بـە چـی دەکەیـن. هەولێـر وەک ناوێکـی تایبـەت بـواری تـرازان و بەنیشـانەبوونی تیـا نیـە.

## «نیشانە: جیاوازیی ئەدەب و فیکر!»

لێـرەدا «فیکـر» وەک جێگـری «فەلسـەفە» بـەکار دەهێنیـن. هۆیەکەشـی خـۆ لادانـە لـە هەنـدێ ئاڵۆزیـی کوشـندە و نەبـڕاوە. وەکچـۆن بـەم جێگۆڕکێیـە، هەندێـک ئاڵـۆزی تـر دێتـە کایـەوە. دیـارە ململانـێ و جیاوازیـی نێـوان فیکـر و ئـەدەب شـتێکی دیالەکتیکییـە و ناتوانرێـت بەڕوونـی سـنورەکەیان جیـا بکرێتـەوە. ئـەو هەوڵانـەی کـە ئـەدەب کـورت دەکەنـەوە بـۆ فەلسـەفە، یـان فەلسـەفە کـورت دەکەنـەوە بـۆ ئـەدەب لـە هەمـان جوغـزدا دەسـوڕێنەوە. ئـەو جوغـزەی کـە بەیەکجـاری سـنورەکەیان هەڵدەگرێـت. بەپێـی ئـەو خەسـڵەت و کلێشـانەی کـە ئـەدەب یـان فەلسـەفەی پـێ دەناسـینەوە، دەتوانیـن لوتێـک لـە باسـەکە بژەنیـن. ئـەم «دووان!»ـە لـە کێشـەی نیشانەناسـیدا چـۆن دەردەکـەون؟

بـا ڕسـتەیەکی وەک ئەمـە وەربگریـن(مـاڵ بریتییـە لـە گەورەبوونـی ڕۆحـی مـرۆڤ). خاوەنـی ڕسـتەکە/تێزەکەم بیـر نیـە. بـەڵام مەبەسـتی لەوەیـە کـە «مـاڵ» بـەو ماتریاڵییـەی خۆیـەوە، بریتییـە

لـە گەورەبوونـەوەی ڕۆحـی مـرۆڤ کـە شـتێکی نامادییـە. واتـە دیوارەکانـی مـاڵ و ئـەو فەزایـەی کـە نـاوی ماڵـە، بەرهەمـی خەیـاڵ و ڕۆحـی مـرۆڤ خۆیەتـی. ئایـا ئـەم ڕسـتەیە ڕسـتەیەکی تـەواو ئەدەبییـە یـان فیکـری و فەلسـەفی؟ ڕەنگـە بـۆ ئەوانـەی کـە لـە ئەدەبـدا ڕۆچـوون و نایانپەرژێتـە سـەر فەلسـەفە، ڕسـتەکە وەک شـیعرێکی ڕووت وەربگـرن. وەک مەجـاز و میتافۆرێـک کـە ناتوانیـن فاکـت و ئەرگۆمێنتـی مەلموسـی بـۆ بدۆزینـەوە. بـەڵام لەڕاسـتیدا ڕسـتەکە لـە سـیاقێکی فیکریـدا وتـراوە و مەبەسـت لێـی دەربڕینـی کێشـەیەکی فەلسـەفی بـووە. کێشـەی ئـەوەی کـە چـۆن ڕۆح دەبێتـە ماتریـاڵ، کـە چـۆن مـاڵ بەرهەمێکـی ڕۆحییـە نـەک مادیـی و ڕەفاهیـی ڕووت. ئـەوەی کـە لـەم ڕسـتەیەدا سـنورەکەی تەنـک کردۆتـەوە، ڕەنگـە زۆر هـۆکار بێـت. بـەڵام لێـرەدا دووانیـان جێـی سـەرنجە. یەکەمیـان، هاوبەشـیی «خەیاڵ»ـە لـە هەردووکیانـدا. لـە ئـەدەب و فیکریشـدا خەیـاڵ ئیشـی خۆیـان دەکـەن. جگـە لـەوەی نوسـەر و خوێنـەر پێویسـتیی بـە خەیاڵێکـی ئەپیسـتمۆلۆژی هەیـە، خـودی «خەیاڵ»یـش تیۆریـزە کـراوە. ئەمـە جگـە لـەوەی لـە ئەدەبـدا، خەیـاڵ وەک بزوێنەرێکـی سـەرەکی دەناسـێنرێت. لـەم ڕسـتەیەدا بـە شـاراوەیی هـەردوو دیوەکـەی خەیـاڵ ئیـش دەکات. هـەم وەک بزوێنـەر و هـەم وەک تیۆریزەکردنیـش. مـاڵ بوونەوەرێکـی خەیاڵییـە و خەیاڵیـش ئـەو توخمەیـە کـە ماتریـاڵ دەگۆڕێـت بـۆ مەعنەوییـەت.

لـە فیکـری هاوچەرخـدا ئـەم سـنورەی ئـەدەب و فەلسـەفە تەنکتریـش دەبێتـەوە. زۆرن ئـەو دیـد و تێزانـەی کـە هـەم ئەدەبیـن و هـەم فیکرییـش. تەنانـەت زۆرجـار تەئویـل و تەفسـیرەکان دەگەنـە ئاسـتێکی تـەواو «ئەدەبـی». لـەو توخمـە بەلاغـی و ڕەوانبێژییـە نزیـک دەبنـەوە کـە لـە ئەدەبـدا پێـی دەوترێـت جوانیـی بایس(حسـن التعليـل). دیـارە جوانیـی بایـس، بـاس لـەو هـۆکارە ئێسـتاتیکییە شـیعرییە دەکات کـە شـاعیر دەیداتـە پـاڵ دیـاردەکان. بـۆ نمونـە، گـەر ئاسـمان تاریـک بووبێـت و هـەور و هـەڵا داپۆشـیبێت، ئـەوا شـاعیر دەڵێت ئاسـمان غەمبـارە دەرهەق بە ڕۆیشـتنی مەعشـوقی مـن. یـان گـەر گوڵاڵەیـەک لـە گوێـی ئاوێکـدا بلەرێتـەوە، شـاعیر ئـەم لەرانەوەیـە بـە تـرس و لـەرزی گوڵەکـە بـاس دەکات. ڕوونـە کـە هـۆکارە ڕاسـتەقینەکە هۆکارێکی سرووشـتییە، بەڵام شـاعیر هۆکارەکـەی نەفـی دەکات و دیوێکـی مەجازیـی پـێ دەدات. ئایا ڕسـتەکەی سـەرەوەش هەر بـەم جـۆرە نیـە؟ یـان نوسـەری فارسـیزمان «امیـد مهـرگان» کاتێـک دەڵێـت سـەر ئەژنـۆی دڕاوی کابۆکانـی ئەمـڕۆ، عەزابـی ویژدانـی سـەرمایەداری و بۆرژواییـە دەرهـەق بـە هـەژاران، نمونەیەکـی تـری لـەم چەشـنە نیـە؟ ئایـا بەئاسـانی دەتوانیـن هـۆکارە ئەدەبی-جوانیـی بایـس- و فەلسـەفییەکە-نەسـتی سـەرمایەداری- لێـک جـودا بکەینەوە؟

دۆلـۆز لـە کتێبی»نیچـە و فەلسـەفە»دا فەلسـەفەی نیچـە وەک جۆرێـک لـە نیشانەناسـی وەسـف دەکات. نیشانەناسـییەکی نمـودکار و ڕواڵەتـکار، نـەک ئـەو نیشانەناسـییە نەزۆکـەی کـە جۆرێـک لـە وەڕزی درووسـت دەکات و پنتێـک بـۆ دابـڕان ناهێڵێتـەوە. بەتایبـەت ئـەوەی کـە بوارێـک بـۆ حەقیقـەت و وەسـتان و بیرکردنـەوە لـە بـارودۆخ ناهێڵێتـەوە. لێرەشـەوە، دەتوانیـن کێشـەکە ببەسـتینەوە بـە کێشەی(پرسـیار و وەڵام)ـەوە. گـەر پرسـیار بریتـی بێـت لـە دال، ئایا مەرجـە کـە وەڵام بریتـی بێـت لـە مەدلـول؟ واتـە ئایـا مەرجە کـە پرسـیار و وەڵام وەک کێشـەیەکی نیشانەناسـی سـەیر بکرێـت؟ وەک پەیوەندیـی دال و مەدلـول؟ دەکرێـت ئـەم پرسـیارە بـۆ پەیوەندیـی ئـەدەب و فەلسـەفە جـێ بهێڵیـن.

## «نیشانە وەک دەمامکی ئایدۆلۆژیا»

ڕۆلان بـارت بـە پوخـت و قەشـەنگی پێناسـەیەکی تـازە دەکات بـۆ «ئەفسـانە». گوایا ئەفسانە بـە مانـا تـازە و نیشانەناسـییەکەی بریتییـە لـەو دەلالەتـە ئایدۆلۆژییـەی کـە لـە پشـت نیشـانەکانەوە هەیـە. هـەر نیشـانەیەک دەتوانێـت پەیامێکیـش بگوازێتـەوە بیکاتـە ئەفسـانە. ئەمـە پەیوەندییەکی ئیتیمۆلۆژیشـی هەیـە بـە پێشـینەی زاراوەی ئەفسـانەوە. ڕیشـەی myth(ئەفسـانە) لـە یۆنانـی کۆنـەوە هاتـووە، لـە muthosـەوە کـە بـە مانـای گوتـە و پەیـام دێـت. بـارت پێـی وایە لە ڕۆژگاری ئێسـتاماندا هەمـوو شـتەکان دەتوانـن ببنـە ئەفسـانە. واتـە دەتوانـن وەک شـتێکی نامێژوویـی و ناسرووشـتی دەربکـەون و پەیامـی ئایدۆلـۆژی بگەیەنـن: دەرکەوتـن و دەرخسـتنی شـتی مێژوویـی وەک شـتی سرووشـتی. تەنانـەت بـارت بەپێچەوانـەی هەندێـک بۆچوونـی تـرەوە سـەبارت بـە نیشـانە، پێـی وایـە نیشـانە مانا ناشـارێتەوە بەڵکو دەیشـێوێنێت. نمونەیەکـی بەناوبانگـی ڕۆلان بارت خـۆی هەیـە کـە بـاس لـە وێنـەی سـەربازێکی گەنجـی ڕەشپێسـت دەکات لـە بەرگـی گۆڤارێکـدا کـە سـڵاوێکی سـەربازی-تحیە- لـە ئـاڵای فەڕەنسـی دەکات. وێنـەی ئـەم ڕەشپێسـتە نیشـانەیە بـۆ ئـەوەی کـە فەڕەنسـا ئیمپرتۆرییەتێکـی گەورەیـە و ڕۆڵەکانـی بەبـێ جیـاوازی خزمەتـی دەکـەن.

بـا لـە بـارت دوورکەوینـەوە و چەنـد ئایدیایەکـی هەرەمەکـی بوروژێنیـن دەربـارەی نیشـانە کـە دەشـێت ڕۆڵـی ئایدۆلـۆژی بگێـڕن. لـە دونیـای ئیسـلام و ئیسـلامیدا زۆرجـار بـاس لـە «نیشـانەکانی ڕۆژی دوایـی» دەکرێـت. وەک ئـەوەی هەندێـک نیشـانە هـەن و لـە هاتنـی شـتێکی پێشـوەخت

ئاگادارمـان دەکەنـەوە. دیـوی ئایدۆلۆژیـی ئـەم نیشـانانە هـەر لـە سـەرەتاوە دیـارن. هەندێـک نیشـانە دادەاشرێـن بـۆ ئـەوەی شـتێکی پـێ بهێنـن. واتـە پەیامێکـی پـێ دەنێـرن کـە هێشـتا ناوەڕۆکەکـەی نەهاتـووە. هەندێـک لـەم نیشـانانە هاتـوون و هەندێکـی تریشـی دواخـراون بـۆ تۆزێـک پێـش قیامـەت. دیـارە کـە دواخسـتنی هەندێـک نیشـانە، وەرگرتنـی ئیحتیاتـە بـۆ ئـەم نیشـانانەی دی. بـۆ نمونـە گـەر لـە ئێسـتادا زۆربوونـی ژنـان وەک نیشـانەی ئاخرزەمـان دابنرێـت، ئـەوا هەڵهاتنـی خـۆر لـە چەپـی ئاسـمانەوە نیشـانەیەکی درەنگـترە. وەک بڵێـی نیشـانەکان کـەرت کـراون و ڕۆڵـە ئایدۆلۆژییەکەیـان دابـەش کـراوە. تەنانـەت ئـەو نیشـانانە ئاخرزەمانییانـە ڕەنگـە لـە کتوپڕێکـدا بڕۆنـەوە بـۆ ڕابـردوو و ڕۆڵـی خۆیـان بگوازنـەوە. لـە ١١ــی سـێپتامبەردا ئەوەمـان بینـی کـە چۆنچۆنـی ئایەتێکـی قورئـان کـرا بـە نیشـانەی پێشـبینیی ڕوودانـی ١١ــی سـێپتەمبەر. وشـەی «ئایـەت» خـۆی بـە مانـای نیشـانە دێـت. نیشـانە بـۆ زۆر شـتی وەک دەسـەڵاتی خـودا و هاتنـی ڕووداوەکان و هتـد. ئایـەت دەتوانێـت ببێتـە نیشـانەی نیشـانە. جارێـک خـۆی لـەڕووی زمانییـەوە نیشـانەیە. واتـە وشـەیەکە و جێـی غایبێـک دەگرێتـەوە. ئـەوەی کـە هیـگڵ/لاکان دەڵێـن وشـە بریتییـە لـە کوشـتنی شـت. ئایەتیـش وەک هـەر پارچەیەکـی زمانیـی تـر بریتییـە لـە کوشـتنی شـتەکان. سـەرباری ئەمـەش بارێکـی ئایدۆلۆژیـی دەچێتـە سـەر و دەلالەت لـە پەیامێکـی دیاریکراو دەکات: ڕەنگـە ئەفسـانەبوونی قورئـان لێـرەوە بێـت نـەک ئـەو ڕقـە زڕە ئیلحادییـەی کـە خۆیشـی ڕقێکـی تـەواو ئایدۆلۆژییانەیـە.

لێـرەوە دەچینـە سـەر ڕوویەکـی تـری ئایدۆلۆژیـی نیشـانە کـە میتافیزیکـە. زۆرجـار نیشـانە ئیشـێکی سـەرەکیی هەیـە: نواندنـەوە. واتـە نیشـانە شـتێکی تـر دەنوێنێتـەوە و پیشـان دەدات. بەتایبـەت کـە شـتەکە خـۆی غایبـە. مێـژووی میتافیزیـک لـە ئاسـتە فەلسـەفییەکەیەوە بـۆ ئاسـتە دینییـە ڕواڵەتییەکـەی پەیوەندییەکـی قووڵـی بـە «نواندنـەوە»وە هەیـە. چـۆن؟

لـە «نواندنـەوە»دا جەوهەرێـک هەیـە و دەبێـت بنوێنرێتـەوە، نمایـش بکرێـت. لانیکـەم لای ئەفلاتـون ئایدیـای نەمـر هـەن و لـەم دونیـا «سـاختە»یەی خۆمانـدا دەنوێنرێنـەوە. دیـارە نواندنەوەکـە فیتاوفیـت و ئاوێنەیـی و دەقیـق نیـە. جۆرێکـە لـە کۆپـی. بـەڵام دیسـان دەکرێـت هـەر بـە هـۆی چەمکـی نواندنـەوەوە لێـی بڕوانیـن. نواندنـەوە تەعبیـرە لـەوەی کـە هەمیشـە ئەسـڵێک و بنچینەیـەک هەیـە و هەژمونـی خـۆی بەسـەر وێنـە و نوێنراوەکانـی خۆیدا دەسـەپێنێت. لـە نواندنـەوەدا، پرۆسـەیەکی پاسـیڤی گواسـتنەوە درووسـت دەبێـت. جۆرێـک لـە دووبارەبوونـەوە و تۆتۆلـۆژی و بـێ نرخکـردن. ئـەوەی کـە سـەرچاوەیەک هەیـە و دەبێـت خۆمانـی پـێ بپێویـن.

دیـارە لێـرەوە نرخـی شـۆڕش و یاخیبـوون و «ڕووداو» و ئـازادی و زۆر شـتی تریـش کـەم دەبێتـەوە. لـە «نواندنـەوە»دا شـتەکان بوونـی سـەربەخۆیان نابێـت. بـۆ نمونـە، ڕەنگـە لـە عەقڵـی دینـی و «غەیبانـی»دا سرووشـت وەک نوێنـەری خـودا دەربکەوێـت. دەبێـت شـتە «حازر»ـەکە بکرێتـە قوربانـی شـتێکی «غیـاب». وشـەی «غەیـب» یـان غیـاب خـۆی کارکردێکـی نیشانەناسـیی هەیـە و ئەمـەش هاوکێشـە سـەرەکییەکەی نیشانەناسـییە وەک پێشـتر باسـمان کـرد. بـەڵام ئێسـتا دەتوانیـن ئـەو مافـە بدەینـە خۆمـان کـە نمونـەی سـەگەکە بێنینـەوە. کابرایـەک پەنجـەی خـۆی بـۆ پارچـە نانێـک ڕادەکێشـێت بـۆ ئـەوەی «نیشان»ـی سـەگەکەی بـدات. بـەلام سـەگەکە تەنیـا سـەیری پەنجـەی کابـرا دەکات. ئایـا لەبنەڕەتـدا ئێمـەش سـەیری پەنجەکـە بکەیـن یـان نانەکـە؟!

# «پاشماوە»کانی ئەنفال:

گەرچـی «پاشـماوە »وشـەیەکی دەقیـق نیـە بـۆ ئەوانـەی کـە لـە ئەنفـال هاتوونەتـەوە، بـەڵام هەڵگـری چەندیـن دەلالەتـی قەشـەنگە، لەوانـە:

١. پاشـماوە، چیـتر بـە کۆمەڵێـك کـەس ناوترێـت کـە لـە زۆرینـەی قوربانییـەکان جێـماون و ڕزگاریـان بـووە. پاشـماوە هەڵگـری کـۆی کارەسـاتەکەیە، هەڵگـری تارمایـی و چرکەسـات و کـۆی دیمەنەکەیـە. بـە زمانـە فەلسـەفییەکە: بەش(جـزو) دەتوانێـت سـیفەت و ڕەهەندەکانـی گشـت(کل) لـە خۆیـدا هەڵگرێـت و بگوازێتـەوە.

٢.لـە لەشـی ڕزگاربـووی قوربانییـەك ورد ببـەوە، ئـەم ماتریـاڵ و لەشـە چیـی پێیـە؟ دەشـێت ئـەوە ڕۆحـی ڕەقبـووی قوربانییەکانـی پێـش خـۆی بووبێـت. تارمایـی یـان بـەردەوام هەوڵـی گەڕانـەوە دەدات، یـان قاڵبێکـی ماتریاڵـی دەدۆزێتـەوە و ماوەیـەك تیایـدا دمێنێتـەوە. یـان بـا گـوزارە هیگڵییەکـە بـە شـێوەیەکی حەرفـی و ڕووکـەش وەربگریـن: ڕۆح، ئێسقانە-لەشـی پاشـماوەیەکە.

٣٣. گـەر لای مارکـس، (بەهـای زیـادە) هەبێـت، لای لاکانیـش بووبێتـە (چێـژی زیـادە) یـان ژویسـانس، ئـەوا کارەسـاتەکانیش دەتوانـن زیـادە و پاشـماوەی خۆیـان درووسـت بکـەن: ئایـا بینینـی پاشـماوەکانی ئەنفـال لـە خـودی کارەسـاتەکە ترسـناکتر نیـن؟

# سه‌یاره‌ی جام ڕه‌ش..

سـه‌یاره‌ی جـام ڕه‌ش هه‌وڵێکـه بـۆ خولْقاندنــی ئه‌فسـانه، ئه‌فسـانه‌ی نهێنــی، ئه‌فسـانه‌ی جه‌وهـه‌ر: واتـه نهێنییـه‌ك له‌ودیـوه‌وه هه‌یـه، جه‌وهه‌رێـك لـه پشـته‌وه هه‌یـه و بـه ڕواڵه‌تێـك شـاردراوه‌ته‌وه. جـام ڕه‌ش، ده‌چێتـه‌وه سـه‌ر نیـگا كلاسـیكییه‌كه‌ی جه‌وهـه‌ر، ئـه‌وه‌ی كـه ئیشـی ده‌مامـك بریتییـه لـه شـاردنه‌وه‌ی جه‌وهـه‌ر، شـاردنه‌وه‌ی شـتێك، ڕووپۆشـكردنی نهێنییـه‌ك.
لـه هیگڵـه‌وه لـه‌وه تێده‌گه‌یـن كـه مـه‌رج نیـه ڕواڵـه‌ت شـتێك بشـارێته‌وه. یـان جه‌وهه‌رێـك له‌ودیـوی ڕواڵه‌تـه‌وه نوسـتبێت. ئـه‌وه‌ی هه‌یـه ڕواڵه‌تـه و ڕواڵـه‌ت. جه‌وهـه‌ر گرژبوونێكـی دیاله‌كتیكییـه لـه نـاو ڕواڵـه‌ت خۆیـدا. واتـه هـه‌ر فـه‌ن و فێڵێكـی ڕواڵه‌تـه له‌نـاو خۆیـدا. ڕواڵـه‌ت ده‌توانێـت ئـه‌و وه‌همـه درووسـت بـكات كـه جه‌وهه‌رێكـی هه‌ڵگرتـووه.
بـه‌م پێیـه، سـه‌یاره‌ی جـام ڕه‌ش و پـه‌رده‌دار، هیـچ شـتێكیان نه‌شـاردۆته‌وه كـه نه‌یزانیـن. پێشـوه‌خت ده‌زانیـن كـه جامـی ڕه‌ش ڕواڵه‌تێكـی ڕووتـه. په‌تییـه. هه‌رچیـی هه‌ڵگرتبێـت دیسـان هـه‌ر ئاشـكرایه. پێشـوه‌خت ڕواڵه‌ته‌كـه و جامـه ڕه‌شـه‌كه پێـمان ده‌ڵێـت كـه: مـن ده‌مه‌وێـت ببمـه جه‌وهـه‌ر، ببمـه نهێنـی، بـه‌ڵام ئایـا ده‌توانـم؟

# تارمایی قوربانییەکان



لەنـاو کارەسـاتەکانی ڕابـردووی ئێمـەدا، هەڵەبجـە فۆرمـی خـۆی جیادەکاتـەوە. بـۆ نموونـە، لـە ئەنفالـدا قوربانییـەکان دەبرێنـەوە بـۆ بیابـان، بـۆ سـڕینەوەی وێنەکانیـان. لـە شـەڕی ناوخـۆدا قوربانییـەکان یەکسـەر دەبرێنـەوە بـۆ قەبرسـتان و هەڵدەگیرێـن. لـە هەڵەبجـەدا قوربانییـەکان یەکسـەر مۆمیـا دەکرێـن، هـەر خۆیـان دەبنـە پەیکـەر.

کیمیایـی و لەشـی بەپەیکەربـووی قوربانییـەکان ئاماژەیەکـی ترمـان لەسـەرجەنگەکانی «سـەدەی بیسـت» پـێ دەڵێـت: ئیـدی ونکردنـی قوربانییـەکان بـەس نیـە، وشـککردن و بە«پەیکەر»کردنیـش جۆرێکـن لـە هونـەری کۆنـترۆڵ، جۆرێکـن لـە بەمادەکـردن و ماتریاڵیزەکردنـی تارمایـی قوربانییـەکان.

# نێرگس و نامەکانی:

گەرچـی شـار وەك پانتاییەکـی یەکڕەنـگ خـۆی پیشـان دەدات، بـەڵام هەمیشـە دەسـتێکی سرووشـتی هێناوەتـەوە بـۆ نـاو خـۆی. هەمیشـە درزێکـی هێشـتۆتەوە بـۆ ئـەوەی سرووشـتیش لەخۆیـدا قـوت بـدات. بـەڵام ئایـا ئـەم قووتدانـە چۆنـە؟ شـار دەتوانێـت لـە هەنـاوی خۆیـدا سرووشـت قـووت بـدات؟
دەتوانیـن لـە شـارە دەڵەمەکانـی خۆمانـەوە بڕوانیـن: کۆمەڵێـك ژنـی گـورج و گـۆڵ دەبینیـت و شـەرواڵی کوردییـان پۆشـیوە، بۆنـی سرووشـتیان لـێ دێـت، بۆنـی گژوگیـا؛ چەنـد گونییـەك گیـای بەهـاری و سرووشـتییان خسـتۆتەڕوو بـۆ فرۆشـتن، ئێمـە نـاوی هەمـوو گیـاکان نازانیـن، تەنانـەت هەندێکیـان سـەیر و تـەواو نەنـاسراون.
ئایـا ئـەو گیـا نەناسراوانـە نامەیەکـی بەتـاڵ و لاڵ نیـن بـۆ ئێمـەی شارنشـین؟ نامەیـەك کـە ناتوانیـن بیخوێنینـەوە، بیکەینـەوە، تەنیـا وەك ژێسـتێکی بەتـاڵ سـەیری دەکەیـن و بەلایـدا ڕادەبوریـن.
لـەوەش ڕادیکاڵـتر: بردنـەوەی چەپکێـك نێرگـس بـۆ ماڵـەوە چ مانایەکـی هەیە:دەمانەوێـت زمانێـك بدەینـەوە بـە سرووشـت، لـە لێڵـی و لاڵـی دەری بهێنیـن؟

# ئەو کاتەی کە جەهەنم دەبێتە بەهەشتی لەدەستچوو

## (دەربارەی بیرەوەرییەکانی شێرکۆ بێکەس)

«چاکم لە بیرە ڕۆژێک لە یەکێک لە چایخانە گەورەکانی ناو کەرکوکدا دانیشتبووین، ژنێکی فاڵچی ئەگەڕا و فاڵی ئەگرتەوە. من بانگم ئەکرد کاک شەهاب وتی «بڕوات بەم شتانە هەیە» وتم «نە، بەڵام با بزانین ئەڵێ چی!». ژنە فاڵچییەکە دەستیشی ئەگرتەوەن کە دەستی بۆ من گرتەوە هەندێ قسەی کرد لەوانە «تۆ لە دواڕۆژدا لەم وڵاتە نامێنی و بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ ڕێت ئەکەوێتە دەرەوە. تۆ لە ژیانتا تووشی نەشتەرگەری گەورە نابیت...ئەو قسانە چیبوون ئەو ژنە کردنی و وایش دەرچوون-ل٢٦٣/٢٦٤ ».
دەزانین کە دوایین پێشبینیی فاڵچییەکە ڕاست دەرناچێت، یان بە وتەی شێرکۆ خۆی: «وایش دەرنەچوون». من لە هەناوی ئەم پێشبینییەوە بۆ شتێکی تر دەگەڕێم و دوای ڕیشەیەکی تر دەکەوم. ئەو کاتەی کە شێرکۆ ئەم یادەوەرییانە دەنوسێتەوە، تووشی نەشتەرگەریی گەورە نەبووە و پێشبینیی فاڵچییەکە ڕاست بووە. بەڵام دواتر ئەم پێشبینییە دەکەوێتە درۆوە و تووشی گرژییەکی دیالەکتیکی دەبێتەوە. دەمەوێت لەم خاڵەوە گۆشەیەک هەڵبژێرم و یادەوەرییەکانی شێرکۆی پێ ببینم.

لێرەوە دەتوانین بەها و دابەشکاری لە پێشبینییەکە دابماڵین و بڵێین: کێشەکە لەودیوی ڕاست و ناڕاستەوەیە. وەک بڵێی هەموو پێشبینییەک بۆ مرۆڤی کورد لە پێشبینی زیاترە و هەرچۆن بیجوڵێنیت هەر درووستە. لەم حاڵەتەی شێرکۆدا ڕاست و ناڕاست تێکەڵ دەبن: کاتی گێڕانەوەی پێشبینییەکە ڕاست دەرچوو و کاتی دواتریش ڕاست دەرنەچوو. ئەمە تەنیا پەیوەندیی بە کاتەوە نیە کە بڵێین دەبوو شێرکۆ پەلە نەکات لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکە. نەخێر، چونکە قەدەری کوردێک لەگەڵ پێشبینیی فاڵچییەکدا هەڵگری تێڕامانە: تۆ بڵێی لە هەناوی پێشبینییەکەیەوە چی شتێک دەرهەق بە کوردبوونمان بڵێت، بۆچی من دواڕۆژ لەم

وڵاتـەدا نامێنـم؟ کـورد لـەو قۆناغـە و {بگـرە ئێستاشـدا} لەنـاو پێشـبینییەکاندا خەیـاڵ و ئاینـدەی خـۆی درووسـت دەکات. بـۆ هـۆکارەکان دەگەڕێـت. فاڵچـی لێـرەدا کەسـێک نیـە کـە بـە پارەیەکـی دیاریکـراو، دڵـی کەسـێک خـۆش دەکات و دەڕوات. بەڵکـو جۆرێکـە لـە پەیامهێـن. پەیامێکـت دەداتـێ و تـۆش وەکـو کوردێـک بـە فەنتازیـای خـۆت تەفسـیری بـۆ دەکەیـت. تیایـدا بۆ ئەو شـتانە دەگەڕێیـت، کـە پەیوەندییـان بـە تـرس و ئومێـدی نەتـەوەوە هەیـە. فاڵچـی کۆدێکـی شەخسـیت دەداتـێ و تـۆش فراوانـتری دەکەیتـەوە بـۆ قـەدەری نەتـەوە. واتـە کێشـەکە لەبنەڕەتـدا دووسـەرە: کوردێـک چـی لەدەسـت دەدات و چیـش لەدەسـت نـادات، هـاوکات گـەر ئـەو کـوردە بیەوێـت بیرەوەرییەکانـی بنوسـێتەوە.

شـێرکۆ لـە زۆر شـوێنی یادەوەرییەکانیـدا، جەخـت لەسـەر «نیەت»ـی خـۆی دەکاتـەوە. تەنانـەت لـەوەش زیاتـر دەڕوات و نیەتـی خـۆی وەک ئەسـتۆپاکی و دڵسـافی پیشـان دەدات. دەزانیـن کـە چەمکـی «نیـەت» یەکێکـە لـەو وشـە و چەمکانـەی کـە لـە فیکـری هاوچەرخـدا تووشـی هەڵوەشـانەوە و نوقسـانی دێـت. مـرۆڤ چیـتر سـوبێکتێکی ئاگامەنـد و ئیرادەمەنـد و ناوپڕ نیـە. واتـە ناتوانێـت بڵێـت ئەمـە نیەتـی منـە و منیـش لـە نیەتەکـەم زیاتـر هیچـی تـر نیـم. دەشـێت نیـەت لـە کۆمەڵێـک ڕەگـەز درووسـت بووبێـت کـە زۆرینـەی پەیوەندیـی بـە تـۆوە نەبێـت. ڕەنگـە نیەتـی تـۆ کەڵەکەیـەک بێـت لـە کاریگەریـی کۆمەڵایەتـی و توخمـی نیشـتووی کۆمەڵایەتـی. پـتر وەک ئـەوەی کـە پییـەر بۆردیـۆ باسـی دەکات. لای بۆردیـۆ تەنانـەت چەمکێکـی وەک «ئیلهام»ـیش هیـچ نیـە جگـە لـە کەڵەکەبـوون و ڕیزبوونـی توخمگەلـی کۆمەڵایەتـی و ژینگەیـی. بۆیـە، چەمکێکـی نیوە-نائاگاییانـەی وەک ئیلهـام بەرهەمـی کارلێکـی کۆمەڵایەتـی بێـت، ئیـدی چەمکێکـی «ئاگاییانە!»ـی وەک نیـەت چـۆن بێـت؟ یـان دەشـێت بـە نیـگا بارتییەکـە بڵێیـن: نیەتـی تـۆ هـی خـۆت نیـە، تـۆ لـە زمانـدا درووسـت دەبیـت، زمـان دەتمرێنێـت. یـان بـە تێـزە لاکانییەکـە، ژێـر پێـی نیـەت بلەرزێنیـن و بڵێیـن: ئـارەزووی تـۆ، ئـارەزووی ئـەوی تـر. لێـرەوە نیـەت وەکـو وشـەیەکی میتافیزیکـی دەردەکەوێـت. وەک ئـەوەی تـۆ ویسـتێکی یەکپارچـە و ئاگامەندانـەت هەیـە و هـەر کاتێـک بتەوێـت بـەکاری بێنیـت، بـەکاری دێنیـت. نیـەت چیـتر، ئەفسـانەیە. چیـتر «من»ێکـی خودسـەنتەر و پتـەوت نیـە. لانیکـەم لـە دوای کێشـەی -نەست-ـەوە لـە دەروونشـیکاریدا.

هێنـدە بـەس نیـە کـە شـێرکۆ بڵێـت: مـن ئایدۆلـۆژی نەبـووم، ئەمـە قسـەی دڵـی مـن بـوو. جگـە لـەوەش ڕەنگـە زۆر پێویسـت نەبێـت کـە بیسـەلمێنێت چـی بـووە و چـۆن بـووە. مەبەسـتەکەی ئێمـە لـەم هاوکێشـەیە تێدەپەڕێـت.

کاتێک کوردێک بیرەوەری دەگێڕێتەوە، پتر دەیەوێت ئیشی ئەرشیفسازی بکات. دەیەوێت خێرا ڕابردووی خۆی کۆ بکاتەوە و بیخاتە سندووقێکەوە بۆ دوای خۆی. لێرەشەوەیە کە شێرکۆش دیسان تووشی کۆمەڵێک کێشە دەبێت. حوکمی دڵسافانە و بێ تەئویل دەدات، یان لانیکەم بە «نیەت»ی خۆی بواری تەفسیری بۆ ناهێڵێتەوە. بە هێڵێکی ڕاستەوخۆ و پلەپلە ڕووداوەکان ڕیز دەکات. واتە لەسەر ئەو گریمانەیە نوسیویەتیەوە کە چاوێکی تر لە پشتەوە هەیە و دەبێت درۆی تیا نەکەیت. ئەم چاوە پتر لە چەمکی «ئەوی تری گەورە»ی لاکانەوە نزیکە. ئەوی تری گەورە بریتییە لەو نیگا وەهمی و گریمانەییەی کە بۆ پاراستنی ژیانی ڕەمزیمان زۆر گرنگە. شێرکۆ زۆر خۆی لە ڕاڤە کردنی ڕووداوەکان نادات. وەک بڵێی ڕاڤەکردن زیان بە ڕاستیی ڕووداوەکان و مێژووی ئێمە دەگەیەنێت. وەک بڵێی تەئویل جۆرێکە لە گومڕاکردن و هەستی گوناە درووست دەکات. کاتێک ئەم دێڕانە دەنوسم، کە ژیاننامە تەئویلییەکەی ڕۆلان بارتم لە خەیاڵدایە. ئەوەی کە ژیانی خۆی کردۆتە دەیان پارچەوە و لەنێوان تەئویل و ڕۆماندا گەمەی خۆی پێ دەکات. مەرج نیە، شێرکۆ وەکو بارت بینوسێتەوە بەڵام مەرجە کە شیعرییەتی خۆی تیا بەکاربهێنێت. بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە پێیان وایە یادەوەرییەکە شیعرییەتی زۆری تیایە، شیعرییەتی هێجگار کەمە و لە زمانێکی سنوردار تێناپەڕێت. خاڵێکی پشتگوێخراو و گرنگیش هەیە و دەلالەتی زۆری تیایە: شێرکۆ لە زۆرترین شوێندا نیشانەی (!) بەکار دەهێنێت کە پێویست نیە، دەکرێت ئەمە ناوبنێین «ئایدۆلۆژیای خاڵبەندی»، واتە بە زۆرداری شتێک وەک سەیر و سەمەرە پیشان دەدات. ئەم سەیر و سەمەرەیە بە پیت ناکرێت و دەیدەنە کۆڵی نیشانەیەکدا کە هەڵی ناگرێت. وەک بڵێی نیشانەی خاڵبەندییەکە دەکەوێتە پێشەوەی ڕستەکەوە، نەک دواوەوەی. چونکە هەست دەکەیت ڕستەکە لەپێناوی ئەو نیشانەیەدا نوسراوە و خۆی بوونێکی سەربەخۆی نیە! ئەمە تەنیا لای شێرکۆ نیە، بەڵکو لای زۆری تریش بە دی دەکرێت. دەتوانین لە ڕێگەی خاڵبەندییەوە لە هەندێک دیوی سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد تێبگەین: کورتهێنان لە دەربڕیندا و بەسیمبوڵکردنی قسەکانی ناخی خۆی{بەسیمبوڵکردن هەوڵ دەدات بەشێک لە قسە و چێژە بەفیڕۆچووەکانت بۆ کۆبکاتەوە}. لەگەڵ نوسینی هەر ڕستەیەکدا مرۆڤی کورد پێویستی بە بینەر و شایەتە. زیادکردنی ئەم نیشانانە(!، ؟) لەخۆڕا، جۆرێکە لە نامەی بانگهێشت: قسەکەم گەیشت؟ ئەی وا نەبوو؟ بەڕاستمە!
ئایا لە نوسینەوەی بیەوەریدا شیعرییەت چۆن ناواخن دەکرێتەوە؟ شیعرییەت، تەنیا بەوە درووست ناکرێت کە وشەیەکی ڕۆژانە بگۆڕیت بۆ وشەیەکی تۆزێک غەریبتر. شیعرییەت

پـتر ئـەو فەزایەیـە کـە ڕسـتەکان دادەگرێـت و ئەمـەش بـە جێگۆڕکێـی وشـە ناکرێـت. بـۆ نموونـە، کاتێـک دەتەوێـت بڵێیت»فەڕەنسـا شـوێنی خواردنـەوە و ژنـە»، ڕسـتەکە بەگۆڕینـی وشـەی «خواردنـەوە و ژن» بـۆ «مەسـتی و فریشـتە» نابێتـە ڕسـتەیەکی شـیعری. ڕەنگـە ئەمەیـان شـیعریتر بێت»نازانیـن فەڕەنسـا وڵاتـی شـەرابە یـان ژن؟». لـەم ڕسـتە سـادەیەوە خەیاڵـی خوێنـەر بـۆ ئـەو دیـوی ڕسـتەکەش دەڕوات. هـەم بـۆ هۆیەکـی واقیعـی دەگەڕێـت، هـەم لـە ناواخنـدا ئەوەشـی پێـدەگات کـە فەڕەنسـا هـەم وڵاتـی ژنـە و هـەم وڵاتـی شـەرابیش. واتـە شـیعرییەت دەکرێـت لـەو دیـوی وشـەبازیی ڕووتـەوە دەسـت پێبـکات. ڕەنگـە دوورکەوتنـەوەی بیـرەوەری لـە شـیعرییەت لەوێـوە دەسـت پێبـکات، کـە زیاتـر ڕاسـتگۆ بیـت لـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـدا. بـە مانایەکـی تـر، تـۆ ژیاویـت و کارەکتەرێکـی مەجـازی نیـت و ڕۆمـان نانوسـیتەوە، بۆیـە بارکردنـی شـیعرییەت ئیشـێکی سـەختتر و جیاوازتـرە. ڕەنگـە کاتێـک شـاعیرێک بیرەوەرییەکانـی دەنوسـێتەوە، باشـتر بێت سـاتە نەژیاوەکانـی بگێڕێتـەوە تاکـو سـاتە ژیـاو و ئەزموونکراوەکانـی. واتـە ئـەو بۆشـاییانەی کـە دەبـوو پـڕ ببنـەوە و ڕووبـدەن. لـە هەنـاوی بیرەوەرییەکانـی شـێرکۆدا ئەمـە پێچەوانـە دەبێتـەوە. شـێرکۆ لـە چەندیـن جێـدا، حـەسرەت بـۆ نەنوسـینی بیرەوەرییەکانـی دەخـوات کـە بـە ڕیزبەنـدی و لـە کاتـی خۆیـدا نەینوسـیون«نە دەفتەرێکـم هەبـووە بـۆ نوسـینی ڕۆژانـەی یـادەوەری و...ئەمـە گەورەتریـن بۆشـایی و هەڵـەی نـاو ئـەم لاپەڕانەیـە-ل١٠». فۆرمـی نوسـینەوەی یادەوەرییەکانیـش لـەم کتێبـەدا، بـە شـێوەی «فەسـڵی کورت»ــە. خـودی ئـەم فۆرمـە، سـەرباری هـەر هۆکارێکـی تـر، قەرەبووکردنـەوە و گوزارشـت کردنـە لـەوەی کـە شـتێک هەبـووە و لەدەسـتچووە. هـەر لێـرەوە فـۆرم و نەفەسـی نوسـینەکانی «مەسـعود محەمەد»یـش، نـەک پێچەوانـەی ئـەم دابـڕان و بۆشـاییەی شـێرکۆ نیـە بەڵکـو دیوێکـی تـری ئـەم هەوڵەیـە: بنوسـە و مەوەسـتە و بۆشـاییەک هەیـە و بیشـارەوە، بۆشـاییەکە لـە کوردبوونـەوە هاتۆتـە دەرێ!

نامەیەکـی سـەرگەردان کـە لێـرەدا خـۆی دەکێشـێت بـە نێـو چاوانـدا، حەسرەتـی شـێرکۆیە بـۆ فێرنەبوونـی زمانـی ئینگلیـزی. ئـەم خاڵـە چەندبارەیـە، بـێ مەڵامـەت نیـە و لانیکـەم دەلالەتـە لـەوەی کـە کـورد بەتـەواوی نیشـتەجێی دونیـا نیـە. شـێرکۆ خۆزگـەی ئـەوە دەخوازێت کـە چاوێکی نەبووایـە و بـەس ئینگلیزیـی بزانیایـە. نەفـی کردنـی چاوی شـاعیرێکی کـوردی وەک شـێرکۆ، تەعبیرە لـەو بەشـە نەفیکـراو و بۆشـەی کـورد کـە لـە جیهانـدا هەیەتـی. ئـەم ڕاسـتییە، بـە شـێوەی تـر و لـە ڕێگـەی دۆخـی تریشـەوە خـۆی دەرخسـتووە. بـەڵام کاتێـک شـاعیرێکی وەک شـێرکۆ دەیڵێـت، ئیـدی پاڵپشـتێک درووسـت دەبێـت کـە پێـش ئـەوەی مێژوویـی بێـت، ئۆنتۆلۆژییـە. واتە شـاعیرێک

هەست بە کەمییەکی ئۆنتۆلۆژی دەکات کە زمانە. شیعر، بە مانا هایدگەرییەکەی، ئاوەڵامان دەکات بەسەر بووندا. شاعیر بەم مانایە دەتوانێت گرێ وجودییەکانی مێژووی نەتەوەیەکت پێ بڵێت.

ئەم ڕیالیزمە نیشتووەی ناو بیرەوەرییەکانی شێرکۆ لە هەندێک شوێندا دەگاتە ئەوەی کە شاعیر هەست بە گوناهی ویژدان بکات کە وەک پێویست ڕیالیستانە نەژیاوە. عەتا محەمەد لە پێشەکیی «تارژەنی ڕەنگ»دا شتێکی لەم جۆرە دەڵێت: هێندە لە خەیاڵدا ژیاوم کە شتێکم نیە لە واقیعدا بینوسمەوە.

دەشێت بیرەوەری جۆرێک بێت لە زبڵ. ئەو ئەزموونە مەسرەفکراو و مردووانە کۆبکەیتەوە کە چیتر بەکارت نایەن. تۆ بڵێی شاعیران ئەو زبڵانە بکەنەوە بە مادەی شیعری؟ گەر وایە، بۆچی بە بیرەوەری دەینوسنەوە؟ ئایا زبڵێک لە شیعر دەمێنێتەوە و دەبێت بە غەیری شیعر بنوسرێت؟ سەرباری ئەمانە، ڕەنگە کێشەی نوسینەوەی بیرەوەری لەوەدا بێت کە بارت ئاماژەی بۆ دەکات: بە چ حەقێک من لە ئێستاوە، بەناوی هەموو ڕابردوومەوە قسە دەکەم؟ زبڵ ئەو زیادەیەیە کە تەنیا ناکەوێتە ڕابردووە، بەڵکو دەشکەوێتە ئایندەوە. لە هەر پارچەیەکی بەکارهاتوودا، ڕووبەرێک لە زبڵ هەیە. زبڵ چیتر هێمای شتی فڕێدراو نیە. لانیکەم لە ڕۆژگارێکدا کە زبڵ ئاماژەیە بۆ ئایندەیەکی قەرەباڵغ. بۆ داهاتوویەک کە دونیا دەبێتە ژێر باری مەسرەفەوە، ژێر کەڵەکەی کاڵاوە. جیهانێک کە شتەکان بە دەورماندا گەشە دەکەن. یان بە تەعبیرەکەی بۆدریار: چەشنی جەنگەڵە کێوییەکان، شتەکان و کاڵاکان لە دەوروبەرمان دەڕوێن. دەشێت زبڵ ئەڵقەی بەردەوامیی نێوان ئەمڕۆ و ئایندەیەکی دوورتر بێت. تۆ بڵێی، شاعیرانیش نەیانەوێت ئەو ئاماژەیەمان لا جێ بهێڵن کە«بیرەوەرییەکان ئەڵقەی نێوان ئێستا و ئایندەیەکی دوورتر بن؟».

بەڵام ئاساییە کە ئەو وەسوەسەیەمان تێکەوێت کە بڵێین بەگشتی بیرەوەری بەو جۆرە سەیر ناکرێت. وەک بڵێی بیرەوەری کەوتۆتە ڕابردووە و ڕابردووش دۆخێکە و بۆ هەمیشە لەدەستچووە. ئەم لەدەستچوونە، دەتوانێت بیرەوەری بکاتە زبڵ و بیشیکاتە زێڕ. لای لاکان، شتی لەدەستچوو بەردەوامی دەداتە داهاتوو. تۆ هەمیشە بە دوای ئەو شتە ونبووەدا دەگەڕێیت کە ونت نەکردووە. ئەمە پارادۆکسێکی گرنگە کە مرۆڤ یاخود سوبێکت درووست دەکات. مرۆڤ هەمیشە بە دوای شتێکدا دەگەڕێت کە پێی وایە ونی کردووە، بەڵام ونیشی نەکردووە. لانیکەم ئەم گەڕانە دەبێتە پاڵنەری بەردەوام بوونی. وای لێ دەکات هەمیشە

بجوڵێـت و نەوەسـتێت. بـە دەربڕینێکـی تـر، مـرۆڤ لـە دیالەکتیکـی نێـوان ڕابـردوو و داهاتـوودا دەژی: ڕابردوویـەک کـە دەکەوێتـە داهاتـووەوە. یـادەوەری بـەم پێیـە، زبڵێکـە و دەمانەوێـت بیکەینـە زێـڕ. لـەم نێوانەشـدا نابێتـە هیچیـان. یـادەوەری، جۆرێکـە لـە ئـەوی تـر. لـە ئێمـەوە دەردەچێـت و دەبێتـە بوونەوەرێکـی تـر. هەوڵـی شـێرکۆش لـەم سـەدان لاپەڕەیـەدا، هەوڵێکـە بـۆ هێنانـەوە و ڕامکردنـی ئـەم (ئـەوی تر)ـە. هەڵبـەت شـێرکۆ لێـرەدا تەنیـا لـە دۆخـی شـیعردا وەک تاکێـک دەردەکەوێـت، گـەر دەربکەوێـت. ئەگینا شـێرکۆ سـەرێکی دەسـتەجەمعیی لـە خـۆی بەسـتووە و وەکیلێکـی ڕەمزییـە بـۆ هەمووـمان، بـۆ کـورد.

واڵتـەر بنیامیـن سـەبارەت بـە وەرگێـڕان، وێنەیەکـی وەک بەهەشـتی لەدەسـتچوو دێنێتـە کایـەوە. دەکرێـت ئـەم وێنەیـە بـۆ ڕابـردووی یاداشتنوسـەکانیش بگوازینـەوە. ئایا مـرۆڤ هەمیشـە ڕابردووی خـۆی وەک یەکەیەکـی لەدەسـتچوو دەبینێـت؟ ئایا وردبینـی و داخـی یاداشتنوسـەکان لەوێوەیـە کـە ئـەم یەکەیـە و ئـەم بەهەشـتەیان لەدەسـتچووە؟ پێموایـە ئیـتر چەمکـی بەهەشـت مـەرج نیـە مانایەکـی تـەواو پۆزەتیـڤ و فیردەوسـی و شـادی هەبێـت. دەشـێت بەهەشـت مەجـاز بێـت بـۆ ئـەو شـتەی کـە نەدەبـوو لەدەسـت بچێـت. واتـە هـەر شـتێک کـە ئەگـەری لەدەسـتچوونی هەبـوو، یـان حەتمـی بـوو ئـەوا دەگۆڕێـت بـۆ بەهەشـت. گـەر دەقـی ئەسـڵی کێشـەی بەهەشـتی لەدەسـتچوومان بیربخاتـەوە، ئـەوا ڕابـردوو بەهەشـتێکی لەدەسـتچووی پێرفێکتـە. بەشـێکی ڕاسـتەوخۆیە و لـە ئێمـە جیابۆتـەوە و وەک پێشـتریش وتمـان دەگاتـە ئاسـتی «ئەوێکـی تـر». پارادۆکسـی بەهەشـتی لەدەسـتچوو بـۆ کـورد ئەوەیـە کـە هەمیشـە جەهەنەمەکـەی ببێتە بەهەشـتی لەدەسـتچوو. دەبێـت ئـەو جەهەنەمـەی خـۆی تۆمـار بـکات بـۆ ئـەوەی ڕۆژێـک بتوانێـت بیکاتـە بەهەشـت. نوسـینەوەی مێـژوو و بیـرەوەری بـۆ زۆر کـورد، درووسـتکردنی ئـەم پارادۆکسـەیە: ئـەوەی لەدەسـتچووە جەهەنـم نەبـوو، بەهەشـتێکی لەدەسـتچووە و بیهێنـەوە!

لەنـاو ئـەم پارادۆکسـەدا خـراپ نیـە چاوێـک بـۆ کێشـەی «تـاک» بگێڕیـن لای شـێرکۆ. ئایا شـتێک بـۆ شـێرکۆ دەمێنێتـەوە کـە نـاوی نوسـینەوەی ڕۆژە شـەخییەکانی خـۆی و تاکگەرایـی خـۆی بێـت؟ بەڕواڵەتـدا ژمارەیەکـی زۆر ڕووداو و بەسـەرهاتی شـەخێی دەبینیـن، بـەڵام تەنیـا وەک چوارچێـوە شـەخێین. وەک نـاو و فیگـەر و کێشـانی هێڵـەکان. چوارچێـوەی وێنە بـە دیدی دێرێدا هەر بەشـێکە لـە نـاوەوەی وێنەکـە و هاتۆتـە دەرەوە. ئامـاژە فەرادانییەکانـی شـێرکۆش لـەم یادەوەرییانـەدا، لـە سـنورەکانی چوارچێوەیـەک تێناپەڕێـت. لێـرەوە بەهەشـتە لەدەسـتچووەکەی شـێرکۆ، کـە گریـمان پارچەکانـی مێـژووی کـوردە، ئومێـدی بەدەسـتهێنانەوەی هەیـە. پێشـینەی شـیعری شـێرکۆ بەشـێک

لـەم بەهەشـتە لەدەسـتچووە دەهێنێتـەوە. بـە دەربڕینێکـی تـر، شـێرکۆ لـە ئەزمونـی شـیعریی خۆیـدا بـەری بـەم هەرەسـەی بەهەشـت گرتـووە. بگـرە تەنانـەت هـەر لـە سـەرەتاوە ئیـش بـۆ ڕوونەدانـی ئـەم هەرەسـە دەکات.

دواییــن پــەڕەی بیرەوەرییەکانــی شــێرکۆ، وێنەیەکــی خۆیەتــی لــە ئۆفیســەکەی لــە دەزگای سـەردەم. سـاڵەکە ٢٠١٣یـە. جگەرەیەکـی بەدەمەوەیـە و سـەرقاڵی نوسـینە. لـەو فۆتۆیـەدا شـێرکۆ نەمــردووە. بیرەوەرییەکانــی تــەواو دەبــن و هەســت ناکەیــن مــردووە. نازانیــن ئــەم هەســتە لەکوێـوە دێـت، بـەڵام دەزانیـن کـە شـێرکۆ بـە بیرەوەرییەکانـی خـۆی بۆشـاییەکی زیاتـر درووسـت دەکات. بۆشـاییەک کـە بـە شـیعر و ئـەدەب و بـە بیرەوەرییـش پـڕ نەبێتـەوە. دوای ئـەم فۆتۆیـە ڕەنگـە قەبرەکـەی دەسـت پێبـکات. بـەڵام قەبرەکەشـی هێشـتا داخسـتنی دەرگای بیرەوەرییەکانـی نیــە. قەبرەکــەی دەشــکێنرێت و ئــەم شــکاندنەش بەشــێکە لــە بەردەوامیــی بیرەوەرییەکانــی. درزێکـە و ڕێگـەی هـەزاران نەوتـراو بـۆ بیرەوەرییەکانـی شـێرکۆ دەکاتـەوە. لـە نوسـینەوەی هـەر بیرەوەرییەکـدا، تێبینییـەک هەیـە و لـە پەڕەکانـی سـەرەتاوە نەنوسراوەتـەوە، دەشـێت ئەمـە بێـت: «ژیانـی مـن، هـاوکات و هاوجـووت نەبـوو لەگـەڵ خـۆم. مـن سـوبێکتێکی لێکـترازاوم. مـن پێـش و پاشـی خـۆم کەوتـم».

سەرچاوە:

١. نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش، شێرکۆ بێکەس، ناوەندی غەزەلنوس، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٢. رولان بارت نوشته رولان بارت، بارت، ترجمه پیام یزدانجو، چاپ سوم، ١٣٨٨.

# زباڵـه:

تـا زباڵـه هەبێـت، سیسـتەم درێـژەی دەبێـت. لـه مـاڵ و وێسـتگەی هـەر یەکێکمانـدا، ڕێژەیـەك زباڵـه هەیـه. زباڵـه پاشـەڕۆیەکی پەتـی نیـه. بەڵکـو ئـەو زیادەیەیـه کـه لـه دڵـی هەمـوو کاڵایەکـدا هەیـه. گـەر زیادەڕۆیـی نەبێـت، ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن لـه لۆژیکـی سـەرمایداریدا زباڵـه جەوهـەری کاڵایـه. کاڵاکان بـه هـۆی زباڵەکانیانـەوە بـەردەوام دەبـن و دووبـارە دێنـەوە بـۆ لامـان.

زباڵـه پێـمان دەڵێـت، نیـوەی شـتەکان هـی ئێمـەن. نیوەکـەی تـری نامەیەکـه و دەگەڕێتـەوە بـۆ بـازاڕ و کارگـه و بەرهەمهێنـان. دەبێـت لەمـڕۆدا ئـەم نامەیـه زوو بگەڕێنینـەوە. هەمـوو بەیانیانێـك نامەکە-زباڵەکە-دەنێرێنـەوە بـۆ جێـی خـۆی. بـۆ ئـەو شـتەی کـه لاکان پێـی دەڵێت(ئـەوی تـری گـەورە).

دەکرێـت لـه ڕێگـەی زباڵـەوە لـه مەعنەوییەتـی ئەمـڕۆش تێبگەیـن: فـەرز بـدەوە، وەزیفەکـەت ئەنجـام بـدە، قەرزەکانـت بگەڕێنـەوە، نامـەکان زوو بنێـرەوە، فەرمانەکـه زوو وەربگـرە و زووش تـازەی بکەوە.

# نیشانەناسیی لێدان:

نیشـــانەیەکی پەمەیـــی و ســـور و مـــۆر بـــە ڕووخســـاری ژنەکەوەیـــە. گوایـــا برینێکـــە و پیاوێـــك دروووســـتی کـــردووە. گـــەر دوای ســـەرەداوەکە بکەویـــن، هەمـــان بریـــن لـــە دڵـــی پیاوەکەشـــدا هەیـــە. برینـــی پیاوەکـــە ونـــە، شـــاراوەیە، بـــێ ئاســـەوارە. گـــەر بـــۆ نەخـــش و نیگارەکـــەی بگەڕێیـــن، ئـــەوا لـــە جێیەکـــی چاوەڕواننەکـــراودا دەیدۆزینەوە:لەســـەر ڕووخســـاری ژنەکـــە. ئایـــا ئەمـــە نیشانەناســـیی ئـــەو کەلتورانـــە نیـــە کـــە <فیمینیســـتەکان> پێـــی دەڵێن<پیاوســـالاری>؟.

# مەلاعەلی و مەجلیسەکانی:

## یەك:

پرسیار و وەڵامی میوانەکان دژ بە یەکتری، پەیڕەوی لە لۆژیکی مەتەڵ و تۆمەتبار دەکات لە دادگاکاندا. دادوەر دەزانێت تۆمەت و تاوانەکانی تۆمەتبارەکە چیە، بەڵام هەر دەشپرسێت و دەیەوێت تۆمەتبار بخاتە دۆخی ناکۆکی و درۆوە. لێرەشدا ئەم لۆژیکی پرسیار و مەتەڵە زاڵە بەسەر ئەم بەرنامە پۆپۆلارانەدا. وەک بڵێی کێشەی زانست و دین هەم کێشەیەکی سەرگەرمی و تەرفیهییە و هەم یاساییشە. کورتکردنەوەی ئەم قەیرانە بۆ ئاستی مەتەڵ و مەحکەمە، ڕەنگە بەشێکی شاراوەی ئەو گەمە پۆستمۆدێرنەیە بێت کە واقیع بۆ شاشە و نمایش کورت دەکاتەوە. لێرەوە چەمکێکی گرنگی وەک «ڕووداو»یش کورت دەبێتەوە بۆ بەسەرهاتی ڕۆژانە و هەواڵی میدیایی و ڕووداوی دەستکردی وەک «زەرب و تەقسیمی مەلا عەلی و مەلا مەزهەر و دکتۆرە موئەدەب و بێدەنگەکان!». بێدەنگیی ئەم دکتۆرانە لە بەرنامەکاندا، ژێستێکی ساختە و ڕیاکارانە و هاوکات ئالۆزیشە. بێدەنگ دەبن بۆ ئەوەی هەم پەیڕەوی لە دیالۆگێکی پاکدا بکەن و هەم خۆشیان تووشی تورەیی پۆپۆلار نەکەن. یان بە دەربرینێکی تر بڵێین: دەیانەوێت خۆیان نەخەنە دیالۆگێکی نا-دیالۆگەوە! ئەم بێدەنگییە ڕێز نیە لە پرەنسیپەکانی دیالۆگ، چونکە خۆشیان دەزانن کە هەلومەرجەکە هی دیالۆگ نیە. پتر لە تاقیکردنەوە و تەریقکردنەوەی شەخصی دەچێت{ئەم گەمە شەخصییانە لە زۆر جێی تریشەوە دەردەکەونەوە، بۆ نمونە کرێ تاکسییەکەی مەلا مەزهەر}. ئەم بێدەنگییە لە ژێرەوە ڕێزگرتنە لە دین خۆی نەک دیالۆگ. ڕێزێک کە پێویستە ئێستا بگیرێت، نەک لە پێش و پاشی بەرنامەکەوە قەرەبوو بکرێتەوە. کۆی ئەم ڕیاکاری و گەمە سینیکییە»واتە

سەرســەری و ســەگڕەفتارییە»، لــە جێیەکــدا ڕوودەدات کــە ئایدیاڵــە: ســتۆدیۆ و باگراوەندێکــی قەشــەنگ. ئەمــە ئــەو بارودۆخەیــە کــە ســینیزم و گەمژەیــی و ســەگڕەفتاری دەگیرێنــە زەخرەفــە و چوارچێــوە.

## دوو:

ئــەم گەمــە فۆرمــاڵ و ڕووخســارەکییە، لــە شاشــەیەکدا دەگاتــە ترۆپکــی خــۆی کــە پارەکــەی هــی خۆمانــە و پێشــوەخت بلیتەکەیــمان کڕیــوە. هــاوکات جێهێشــتنی ســتۆدیۆ، جێهێشــتنی ســتۆدیۆم و یاریــگا نیــە لای مــەلا عەلــی. ئــەو دەچێتــەوە نــاو ڕووبــەرە ڕاســتەقینەکەی خــۆی کــە کۆمەڵــگا و نەخۆشــەکانی ئایندەیــە. واتــە لــە دونیــای نمایشــەوە دادەبەزێــت بــۆ دونیــای واقیعــی. ئــەوە ئێمەیــن کــە لــە دونیــا نمایشــییەکەدا چەقیویــن و چێــژی گەمەکەمــان لــێ تێــک دەچێــت.
بریــا ئەوانەمــان کــە بــە ژێســتەکانی مــەلا عەلــی پێدەکەنیــن، لــە یــادی لەدایکبوونــی «نەبی»ــی ئیســلامدا نەچووینایەتــە نــاو ڕیــاکاری و پیرۆزبایــی نەخۆشــئامێزانەوە. لانیکــەم مــەلا عەلییــش بانگەشــەی بــۆ پزیشــکییەکی «نەبــەوی» دەکــرد و هەوڵــی چارەکردنــی هاورێکانــی دەدایــن!

# 3

# From the Absurdity to Resistance

Waleed Omer